# لە فەیسبوکی ( بەختیاری شەمەیی )یەوە:

١

لووتبەرزی و داپڕانی سەرانی دەسەڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکان لە میللەت:

ئێوە سەرنج بدەن، ئەوە چەندین ساڵە لەم فەیسبووکەدا، لە لایەن هەزاران هەزار لە نووسەران و رۆشنبیران و شانۆکاران و نیگارکێشان و شێوەکاران و هونەرمەندان و ژەنیاران و لاوان و خوێندکاران و هەموو ئاستەکانی دیکەی کۆمەڵگەوە، بە هەزاران هەزار نووسراو و بابەتی دیکەی جۆراوجۆری بە سوود و خزمەتگوزار، بڵاوکراونەتەوە و ئەم رەوتەش هەتا ئێستا هەر بەردەوامە و بە هەزاران هەزار کوردی پاك و دڵسۆز، رۆژانە بەشدارن لەم شۆرشە فەرهەنگی و رۆشنبیرییەدا (لەگەڵ بوونی هەندێك دیاردەی خراپ و ناشایستە و نەخوازراویشدا کە هەر زۆر کەمن)، کەچی هەتا ئێستا کەس نەیبینی تەنها یەك بەرپرسی ئەو پارتە دەسەڵاتدارانە، یان بەرپرسانی دەسەڵات، ئافەرینێ، دەستخۆشانەیەك، سوپاسێك، رێز و پێزانینێك بۆ کەسێك بنووسن، ئەمەش هۆیەکەی هەر ئەوەیە کە ئەوان تەواو داپڕاون و ئاگایان لە میللەت نییە و هەر تەنها سەرگەرمی بازرگانی و سەرمایەگوزاری و ژیانی تایبەتیی پڕ لە گەشت و سەیران و خۆشگوزەرانی و رابووردنی خۆیانن. ئیتر خۆتان لەمەوە، لە گیانی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسیارێتی کردن و کارگێری و وڵاتبەڕێوەبردن و هەموو شتەکانی دیکەیان تێبگەن!؟

٢

مەرج نییە هەموومان نووسەر و خاوەن پەیام بین:

یەکێ لە بوارە فراوان و بەسوودەکانی فەیسبووك ئەوەیە کە بە ئازادانە، دەتوانین لە رووی یاساییەوە هەموو نووسین و بابەت و پەیامێکی تێدا بڵاو بکەینەوە، شایانی وتنە، جگە لە بەڕێوەبەرانی فەیسبوك خۆیان، ئیتر هیچ کەس و لایەنێك، ناتوانن رێگریمان لێ بکەن و خواستی خۆیان بەسەرماندا بسەپێنن. هەربۆیە ئێمە ئەگەر خۆمان نووسەر و خاوەن پەیامیش نەبین، دەتوانین لە رێگەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بەسوودی کەسان و لایەنەکانی دیکەوە، سوود بە هاورێکانمان بگەیەنین، بەکورتییەکەی لە خزمەتی هەمووواندا بین.

سوپاس بۆ کارمەندان و بەڕێوەبەرانی فەیسبوك و سوپاس بۆ هۆشی تەندروستانە و داهێنەرانەی مرۆڤە بیرکەرەوە و خزمەتگوزارەکانی مرۆڤایەتی.

٣

یەك لەشکری گەورە لە خاوەن دوکتۆرانامە لە باشووری کوردستان:

لە باشووری کوردستاندا، لەشکرێکی گەورەمان لە خاوەن دوکتۆرانامەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، جا بۆئەوەی باشتر تێبگەین کە ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگەمان و هەموو ئەو خاوەن دوکتۆرانامانە چییە، سەرنجێکی ئاماری فرۆشی ئەو پەڕتووکانە بدەن کە بە کەمترین تیراژیش بڵاو دەکرێنەوە، بۆ نموونە، باشترین پەڕتووکەکان لە ٥٠٠ ژمارەوە تا زۆرترین ژمارەیان کە ١٥٠٠ دانەیە چاپ دەکرێن، بە سەدان لەو پەڕتووکانەش، زۆرتر لە نیوەی ژمارەکانیان نافرۆشرێن و دەمێننەوە!؟

٤

سەرکردەی حیزبن، نەك سەرکردەی میللەتێك:

هەندێ جار بە هەڵە، بە سەرکردەی حیزبە کوردییەکان دەوترێت: سەرکردەی کورد! ئەمە نەك هەر هەڵەیە، بەڵکو ناڕەواشە. کورد نەتەوەیەکی بێ سەرکردەیە. ئێمەی کورد ئەگەر خاوەنی سەرکردە و سەرکردەی پاك و دڵسۆز و ژیرمەند بووینایە، بۆچی رۆژمان بەم رۆژەی ئەمڕۆ دەگەیشت!؟

٥

بەربەستەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی لە مێژوودا:

ئایین و خێڵایەتی و تاکپەرستی، سێ بەربەستی گەورەی دروست نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوون.

٦

نە دەسەڵات و نە میللەت، لە رێی رەخنە لێگرتندا نەماون!؟

ئافەرین بۆ شۆڕشگێڕەکانی شاخ، دوای رابووردوویەکی پڕ لە شانازی و شەرمەزاری، دوژمن کوشتن و یەکتری کوشتن، لە شاخ هاتنە خوارەوە، بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکیان لە زانستی فەرمانڕەوایی و کارگێری و بەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵگەدا هەبێت، بە زۆری زۆرداری خۆیان سەپاند بەسەر کۆمەڵگەدا و پاش چەند ساڵێك، دوای دیسانەوە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆ و ماڵوێرانی بۆ میللەت، دەستیان گرت بەسەر هەموو بوارەکانی داهاتی گومرگ و باج و بازرگانی و بازاڕەکاندا، سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی وڵاتەکەی خۆیانیان تالانکرد و هەموو بوون بە ملیۆنێر و ملیاردێر، ئێستا پاش ٢٥ ساڵ میللەتێکی بێ بەرهەم و بێ داهات و مایەپووچیان لێبووە بە بار، خۆیشیان بوون بە نموونەی فاشیلترین و گەندەڵترین و دزترین و تالانچیترین دەسەڵاتدارانی مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

سەرەنجام: ئێستا ئەرکی دەسەڵاتی باشوور، بووە بە داعش کوشتن بۆ ئەمەرکی و ئەوروپییەکان، ئەوانیش لەبری بەرهەمەکانی زانست و تەکنەلۆژیا و رۆشنگەری، چەك و تەقەمەنیمان بەدیاری پێشکەش دەکەن، ئێمەش بەناچاری، دەبێت زۆر سوپاسگوزاریشیان بین!؟

٧

رابووردوو بەسەرکردنەوە:

٢٥ ساڵە، هەموو سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبەکانی باشوور، بە بێ جیاوازی، خەریکی گەندەڵکاری و دزی و تالانچێتین، ئەوە خێرە ئێستا بیری ئەوەیان کەوتووەتەوە کە لاپەڕەکانی رابووردووی یەکتر بۆ میللەت هەڵدەدەنەوە، بۆچی مەگەر میللەت خۆی نازانێت رابووردووی هەمووتان چییە!؟

٨

متمانە:

هەر کەسێك، بە هەر هۆکارێکەوە بێت کە لەناو میللەتەکەی خۆیدا متمانەی نەما بێت، شتێکی ئاسایی و چاوەڕوانکراوە کە بێگانەکانیش بە چاوی بێ ڕێزی و سووکایەتییەوە تێی ڕوانن.

٩

پرسەکە پرسی کورد نییە!؟

هیوادارم نوێنەری هەموو حیزبە سیاسییەکان و باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی کوردستان، لە پەرلەمانی عێراقی عەرەبیدا دەربکرێن و بنێردرێنەوە بۆ لای حیزبەکانیان، بۆ لای باند و گروپەکانیان. ئاشکرایە ئەوانە نوێنەری کورد نین، تەنها نوێنەری بەرژەوەندییەکانی خۆیان و حیزبەکانیانن، ئێستا باشووری کوردستان هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ بەغدادا نەماوە، شایانی باسە تاکە هۆکاری مانەوەی ئەو نوێنەرە حیزبییانەی کورد لە پەرلەمانی عێراقی عروبەدا، تەنها هەر لفرلێدانی مووچە و دەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆیانە!؟

با بپرسین: بەرهەم و کەڵك و دەستکەوتی بوون و مانەوەی ئەو نوێنەرە حیزبییە کوردانە لەناو پەرلەمانی عێراقی عروبەدا، چی بووە چییە بۆ میللەتی کورد، بۆ هەژارانی کوردستان !؟

١٠

دەسەڵاتدارانێکی دڵسۆز بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان!؟

دەسەڵاتدارانی باشوور، هەر کەسێك، هەر باند و گروپێك، هەر شتێك، هەر چالاکییەك، هەر بنکەیەك، کە بۆنی پاراستنی مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیانیانی لێ بکەن، بێ دوودڵی، پێشوازی و پشتیوانیان لێ دەکەن!؟

بۆ نموونە، کردنەوەی مزگەوت، پەرستگە بۆ ئایین و ئایینزاکانی دیکە بەناوی گوایە ئازادی و دیمۆکراسی و مافەکانی تاکەکان و کۆمەڵگەوە، چونکە ئەمانە هیچیان هەڕەشە و مەترسی نین بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان، هەر کردەوەیەك ناوەڕۆکێکی خەیاڵپڵاوانە و پووچپەرستانەی هەبێت، بۆ ئەوان باشە و مۆڵەتی هەبوون و کارکردنی پێ دەدەن و کۆمەکیان دەکەن، بەڵام مۆڵەت بە هیچ بنکە و دامەزراوەیەکی رۆشنبیریی نەتەوەیی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری نادەن کە بە یاسایی هەبێت و چالاکیی بنوێنێت، بۆ دەرمانیش یەك بنکە و دامەزراوەی نەتەوەیی و پەروەردەی کوردایەتی لە سەرانسەری باشووردا بوونی نییە، یەك رێکخستنی نەتەوەیی مۆڵەتی کارکردنی یاسایی و فەرمیی پێنادرێت!؟

ئەرێ بەڕاست ئەمانە چین!؟

١١

نابەرپرسیارێتی و بێبابکی:

ئێوە سەرنج بدەن، ئەوە ماوەی ساڵێك زیاترە مامۆستایان و فەرمانبەران و بە گشتی گشت مووچەخۆرانی باشووری کوردستان، بێ مووچەن، کەچی بۆ تەنها جارێکیش، بەرپرسێکی دەسەڵات، سیاسییەك، سەرکردە و سەرکردایەتییەکی حیزبە دەسەڵاتدارەکان، نە لە کەناڵە

تیڤییەکان و نە لە ناو میللەتدا دەرنەکەوتن تاوەکو روونکردنەوەیەك، داوای لێبووردنێك، یان پلان و بەرنامە و رێگەچارەیەك پێشکەشی ئەو میللەتە بێ پارە و هەژار و بەشمەینەتە بکەن!؟

پێشینان راستیان فەرمووە: تێر ئاگای لە برسی نییە!؟

١٢

زۆر لەمێژە دڵسۆزان هاوار دەکەن.....!؟

باشووری کوردستان، وڵاتی بێ خاوەن و بێ یاسا و پڕ لە بێسەروبەری و پاشاگەردانییە، کەس بە کەس نییە، بەناوی بازاڕی ئازادەوە، کراوەتە کێڵگەی ئەزموونکردن و بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە دەرمان و نەخۆشی و دەرد و پەتا و بەڵایەك!؟

رێژەی مردن بە دڵ وەستان و خوێنبەربوونی مێشك و شێرپەنجەی جۆراوجۆر و چەندین دەرد و نەخۆشی و پەتای دیکەی سەیروسەمەرە و نوێباو کە هیچ پێشینەیەکیان لە باشووری کوردستاندا نەبووە، رۆژ بە رۆژ بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت، ئەمە هۆکارەکانی هەموویان، ئەو خواردەمەنی و خواردنەوە میکرۆباوی و ڤایرەۆساوو سێرپەنجاویانەن کە لە تورکیا و ئێرانەوە هەناردەی بازاڕەکانمان دەکرێن!؟

لەمێژە چەندین پزیشك و شارەزا و لایەنی پێوەندیدار هاواری ئەم کێشە نەتەوەییە کارەساتبارە دەکەن، سەرباری ئەو رێژە زۆرەی مردن و مەرگی لەناکاو، هەرچی پارە و بەرهەمی کات و وزە و رەنجی خەڵکێکی بەڕێژە زۆری میللەتەکەمانە، بۆ دەرمان و سەردانی پزیشك و خەستەخانەکانی و ناوخۆ و دەرەوە بەفیرۆ دەچێت، ئەمەش هەر جۆرێك لە کارەساتی کۆمەڵکوژی کردنمانە!؟

تکایە، فریای خۆتان نەوەکانتان بکەون، بایکۆتی کڕین و خواردنی پیس و میکرۆباوی و ڤایرۆساوی و شێرپەنجاویی تورکیا و ئێران بکەن.

١٣

ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی:

بێگومان نەتەوەکانی دیکە چ مافێکیان هەیە، ئێمەی کوردیش هەمان مافمان هەیە، کێشەکە ئەوەیە ئێستا هێزمان نییە کە مافە رەواکانی خۆمان پیادە بکەین، بەڵام بێ هێزی و بێ دەوڵەتی هیچ لە رەوایی و گرنگی و پێویستیی مافەکانمان کەم ناکەنەوە، ئەو رۆژەش هەر دێت کە بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆمان بگەین. با لێرەدا بۆچوونێك لەسەر جۆرەکانی ناسیۆنالیزم دەربپرم: ناسیۆنالیزمی نەتەوەی ژێردەستە و چەوساوە، هەمیشە روویەکی ئازادیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە و مرۆڤایەتییانەی هەیە، تەواو جیاوازە لە ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەستە و چەوسێنەر کە روویەکی چەوسێنەرانە و داگیرکارییانە و نامرۆڤانەی هەیە. ئێمەی کورد وەك بەشێکی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی، لە ئێستادا تێکۆشان و کوردایەتی کردنەکەمان، واتە ناسیۆنالیزمەکەمان، پێشکەوتنخوازی و ئازادیخوازی و مرۆڤایەتییەکەمانە.

١٤

کێشەی زۆرینەی میللەت:

ئێستا لە باشووری کوردستاندا، کێشەی سەرەکیی زۆرینەی میللەت، نەبوونی مووچەیە، واتە کێشەکە بێ پارەیی و هەژارییە، هەمووشتان دەزانن کە پارەکان لای سەکردە و سەرکردایەتیی حیزبە دەسەڵاتدارەکانن، ئیتر باشترە واز لە خۆپیشاندان و مانگرتن و رەخنەگرتن و گلەیی و گلەیی کاری بهێنن، ئەو رێگایە بگرنەبەر کە دەتانگەیەنێتەوە بە پارە دزراوەکانتان!؟

١٥

سیخورمەیەك لە میللەت:

ئافەرین میللەت بۆ خۆت و ئازایەتی و خۆراگریت، ئەوە ٢٥ ساڵە دەسەڵاتدارانێکی پاشائاسا، کە خۆتان دەنگتان پێداون و بە نوێنەری خۆتانتان داناون، بە ئاشکرا، بە بەرچاوی خۆتانەوە، سامانی سەرزەوی و ژێرزەویتان بە تاڵان دەبەن، بێبەریان کردوون لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیانتان، کەچی بۆ تەنها یەك جاریش نەتانوێراوە و نەتانتوانیوە لەسەر مافە رەواکانی خۆتان لێیان بەدەنگ بێن، ٢٥ ساڵە بە هەموو زۆرداری و نادادپەروەرییەکی دەسەڵات و دەسەلاتداران رازین، کەواتە کاڵا پڕ بە باڵایە، ئیتر هیچ گلەیی مەکەن و رەخنە لە هیچ حیزب و دەسەڵاتدارێك مەگرن، ئەوە هەڵبژاردن و رازی بوون و چارەنووسی خۆتانە!؟

١٦

خۆزگە:

خۆزگە ئەوانەی ئەوەندە شانازی بە دیدار و وێنەگرتن و بە بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆیان لەگەل سەرکردەی ئەم حیزب و ئەو حیزبەوە دەکەن، هێندەش شانازییان بە دیدار و وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی وێنەی خۆیان لەگەڵ دایکانی گیانبەخشیوەکانی کورد و کوردستاندا بکردایە!؟

کامیان شایسەی سەردانی کردن و رێز و ستاییش و دڵنەوایی کردنن!؟

١٧

یەکێتی و گۆران و پارتی، سلێمانی و هەولێر:

ئێوە سەرنج بدەن، زۆربەی زۆری پارتییەکان و گۆرانەکان و یەکێتییەکان، خوا خوایانە هەڵە و تاوان، کارەساتی ناخۆش، شتی خراپ و نەخوازراو لەدەڤەری نەیارەکەیاندا روودات، هەر بۆئەوەی بیکەنە هۆکارێك بۆ شکاندنی بەرامبەرەکەیان، خوا خوایانە هاونیشتمانیان لە دەڤەری نەیارەکەیاندا رۆژانە یەکتری بخۆن، هەر بۆئەوەی ئەوان بیکەنە هۆکاری سووك و ریسواکردنی یەکتری، بەڵام رۆژانە بەسەدان لە کوردانی باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵات زیندانی بکرێن، ئازا ر ئەشکەن بدرێن، لەسێدارە بدرێن، گولەباران بکرێن، ماڵوێران بکرێن، هەر وەکو ئەوە وایە هیچ رووی نەدابێت!؟

ئەمەیە بەرهەمی ململانێی نارەوا و پەروەردەی حیزبی و حیزبایەتی!؟

١٨

بە یەك رستە:

هەتا تاکپەرستی و تاکڕەوی و خزمخزمێنە و حیزبایەتی، پێش نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەری بێت، دەبێت بە تەمای تەبایی ناوخۆ و دەوڵەتی کوردی نەبین!؟

١٩

سەرکردە و مێژوو:

هیچ سەرکردەیەك بەهۆی ئەوەوە ناچیتە ناو مێژووەوە کە چەند دەوڵەمەند بووە، چەند کۆشك و ڤێلا و باخ و پاسەوان و کەنیزەك و پارەی هەبووە، مێژوو تەنها بە باشە باسی ئەو سەرکردانە دەکات کە خاوەن بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانە بوون، هەڵوێست و کاروکردەوەیان مرۆڤانە بووە، بە کورتییەکەی ئەو سەرکردانە بە ناوی باش و بە نەمری لە مێژوودا دەمێننەوە کە لەناو ژینگەی خۆیاندا خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتییان کردووە.

٢٠

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی:

ئەگەر نەتەوەی کورد، خاوەنی بەرەیەکی نەتەوەیی و سەرکردایەتییەکی ژیرمەند و شۆڕشگێڕ بووایە، لەو چەندین میلیۆن کوردە، تەنها یەك میلیۆنی بەس بوو بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتێك بە یەك میلیۆن مرۆڤ دروست نەکرێت، بە چەندین میلیۆنیش دروست ناکرێت!؟

٢١

بانگەشەی دەوڵەتی کوردی، بانێك و دوو هەوا!؟

ئەگەر دەوڵەتە گەورەهێزەکانی جیهان، بەرژەوەندییان لە دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا هەبووایە، هەموو کاتێك، کاتی پشتیوانی کردن بوو لە پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان، پێویستیشیان بەوەش نەدەبوو پرس بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بکەن و خۆیان راستەوخۆ دەیانتوانی و دەتوانن پشتیوانییان لە دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکردایە و بکەن؟

هەموو کورد و کوردستانییەکی رێزلەخۆگرتوو، بەسەر و ماڵ و گیانەوە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستاندان.

لە ساڵانی پەنجاکانەوە، نەتەوەییە سەربەخۆییخوازەکانی کورد بانگەشە و باسی دەوڵەتی کوردی و سەربەخۆیی کوردستان دەکەن و لەلایەن پارتەکانی دیکەوە دژایەتی و دوژمنایەتییان کراوە، شایانی وتنە کە لە بەرنامەی ژێکاف و کاژیك و پاسۆك دا بە روون و ئاشکرایی باسی مافی دەوڵەتداری و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی کراوە، لە کاتێکدا لە بەرنامەی هیچ یەکێ لە پارتەکانی دیکەدا، جگە لە ئۆتۆنۆمی و هەندێك جار مافی چارەی خۆنووسین، کە روون و ئاشکرا نییە، مەبەستیان لە مافی چارەی خۆنووسین چی بووە و چییە، ئیتر بە هیچ شێوەیەك ناوی دەوڵەتی کوردییان نەبردووە!؟ بەڵام لێرەدا سەیروسەمەرەکە ئەوەیە کە بێگانەیەك دووراودوور، یان بۆ مەبەستی سیاسی یان بۆ هوروژاندنی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لێمان، باسێك لە دەوڵەتی کوردی دەکات، هەندێك لە راگەیاندنەکان دەڵێی

هەنگوینیان لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە و بێگانەکە بە گەردبینی خەیاڵی گەورە دەکەن و لێمان دەکەن بە فریشتەی دەوڵەتی کوردی و فریاڕەسی کوردا!؟

بۆ مێژوو: بیرۆکەی مافی ڕەوای دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی، دوای هۆزانڤانانی نەمر، (ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی)، تەنها هەر ڕێکخستنە سیاسییەکانی (ژێکاف و کاژیك و پاسۆك) ئاڵاهەڵگری بوون.

پرسیارێك:

ئەرێ بەڕاست، بانگەشەی ریفراندۆمەکە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتە کوردییەکەمان چی بەسەرهات!؟

هەتا کەی چاوەڕوان بین!؟

٢٢

بوودجە و دەوڵەتی کوردی:

هەتا لە بەغداوە بەشە بوودجەی کوردستان دەنێردرا و حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە هاوبەشی دەیانخوارد، هیچ کەس و لایەنێك باسی ریفراندۆم و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردییان نەدەکرد، دوای بڕانی بوودجە، وەکو کارتێکی فشار بۆسەر بەغدا، تاکتیکی دەوڵەتی کوردییان بیرکەوتەوە، ئێمەش دەڵێین بەڵکو خوایە بڕانی بوودجە خێری پێوە بێت و دەوڵەتە کوردییەکە ببێتە ڕاستتیەکی بینراو، وەك دەڵێن: کەس نازانێت خێر لە چیدایە!؟

دەی هەمووان چاوەڕوانین، بۆچی ڕاناگەیەندرێت، خۆ کەس دەستی کەسی نەگرتووە!؟

٢٣

پارتی و بانگاشەی دەوڵەتی کوردی:

- دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، مافێکی سروشتی و ڕەوای نەتەوەی کوردە .

- دەوڵەتی کوردی، خەون و هیوا و ئاواتی لەمێژینەی هەموو نەتەوەی کوردە.

- کورد لە کوردستان و لە سەرانسەری جیهاندا، بە سەروماڵ و گیان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی کوردیدان.

ماوەیەکە ڕاگەیاندنەکانی پارتی، یەکێتی و گۆڕان بە دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی دروست بوونی دەوڵەتی کوردی تۆمەتبار و تاوانبار دەکەن، با وای دابنێین پارتی ڕاست دەکات، یەکێتی و گۆڕان دروست بوونی دەوڵەتی کوردییان ناوێت و دەڤەری سەوز هەرێمێکی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە!؟

کەواتە با لە پارتی بپرسین: دەی ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و دەڤەری زەرد هەرێمێکی دەوڵەتی تورکیا نییە، دەی ئەگەر بانگاشەی دەوڵەتی کوردی هەر بۆ فشاری وەرگرتنەوەی بەشە بوودجەی بەغدا و هەڵمەتێکی میدایی نییە بۆ دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی یەکێتی و گۆڕان، خۆ نە یەکێتی و نە گۆڕان دەستی پارتییان نەگرتووە، هەر ناشتوانن دەستیان بگرن، ئەی بۆچی پارتی لە دەڤەری زەرد ئەو دەوڵەتە کوردییەی کە دوای بڕانی بەشە بوودجە،

ناوبەناو بانگاشەی بۆ دەکات، راناگەیەنێت؟ با ئەمە ئەزموونێك بێت بۆ هەموو لایەك، با بزانین چی دەبێت و چی روو دەدات، کێ لەگەڵیدا یە و کێ دژیەتی!؟

تۆبڵێی ٢٥ ساڵیتریش هەر لە بازنەی بانگاشەی سیاسییانە و تاکتیکییانەی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردیدا بخولێینەوە!؟

دەی چاوەڕوانین!؟

٢٤

پاسۆك یاساخ کردن لەکوێ و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە کوێ!؟

کوردستانی بێ (پاسۆك):

ئێمە دەڵێین: راستە پاسۆك بە ژمارە کەم بوو، بەڵام پاسۆك بیروباوەڕ بوو، هێزی ژیاندنەوەی هەست و هۆش و گیانی کوردایەتی و کوردستانی بوونی نەتەوەی کورد بوو.

- پاسۆك بوو پرِوای بە کۆکردنەوەی ئەندامانی زۆروبۆر و لەشکری رەش و بێبیروباوەڕ نەبوو.

- پاسۆك بوو دژی لێخۆشبوونی گشتی بوو بۆ خۆفرۆشتووان و ناپاکان و نیشتمانفرۆشان: کۆنە بەعسی و جاش و سەرجاش و موستەشار و ئەنفالچییەکان!؟

- پاسۆك بوو دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد، ئاڵای پیرۆزی کوردستانی لە شاخ و شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستاندا بەرز شەکاندەوە.

- پاسۆك بوو دوای (ژێکاف و کاژیك)، بە ئاشکرا بانگی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و کوردستانی دا.

- پاسۆك بوو، فێری میللەتی کوردی کرد کە کوردیش وەك نەتەوە و کوردستانیش وەك نیشتمان، هەمان مافی نەتەوەکان و نیشتمانەکانی دیکەی جیهانی هەیە.

- پاسۆك بوو بانگی یەکێتیی نەتەوەیی کوردی دا بە گوێیی هەموو کوردانی کوردستانی گەورەدا.

- پاسۆك بوو دژی شەڕی ناوخۆ و دژی براکوژی و دژی کورد بە کورد بەکوشتدان بوو و هەرگیز هەڵگیرسێنەری شەڕی براکوژی نەبووە.

- پاسۆك بوو دروشمی (پێش ئەوەی هەر شتێك بین، دەبێت کورد بین) واتە پێش ئەوەی سەر بە هەر لایەنێك بین، هەر ئایین و ئایینزایەکمان هەبێت، هەر بیروباوەڕێکمان هەبێت، دەبێت کورد بین.

ئێستا کاتی ئەوەیە وەك هاوبیرانی پاسۆك لە سەرانی پارتە دەسەڵاتدارەکان و لە دەسەڵاتدارانی دەسەڵاتی کوردی بپرسین: باشتر نەبوو لەبری مۆڵەتدانی یاسایی بە هەموو ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییانە و کۆمەك کردن و یارمەتیدانیان، کە ئێستا بوون بە ئەژدیها لێتان و گەنجانتان بە بەرد و ئاگرەوە دەکەن بە گژدا و بارەگاکانتان دەسوتێنن، با مۆڵەتی یاساییتان بە نەتەوەییەکان بدایە تا لە بارودۆخێکی ناسك و هەستیاری وەك ئەمڕۆدا، ئارامی و ئاسایش و ئاشتیی کوردستانیان بپاراستایە!؟

بۆچی نەتەوەییەکان تاکە لایەن بن کە مۆڵەتی یاسایی کارکردنیان پێنادرێت و بواریان پێ نادەن کە خاوەنی دەنگ و رەنگی خۆیان‌بن، بۆچی تەنها نەتەوەییەکان بن کە مافی راگەیاندنی سەربەخۆیان نەبێت لە کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤاری تایبەت بە خۆیان!؟

بۆچی لە باشووری کوردستاندا تەنها رێکخستنی نەتەوەیی دەوڵەتخواز و سەربەخۆییخواز، هاوکاری ناکرێت و بوودجەی بۆ تەرخان ناکرێت و مافی کارکردنی یاسایی پێنادرێت!؟

٢٥

لە سەیروسەمەرەکانمان:

چەند سەیروسەمەرە و شەرمەزارییە، میللەتێك ژێردەستە بێت و نیشتمانەکەی داگیرکراو و دابەشکراو بێت، خاوەنی چەندین داگرکەر و دوژمن بێت، هێشتا لە پرۆسەی شۆرش و خەباتی رزگاریخوازی و سەرخۆییخوازییدا بێت، کەچی هیچ یاسا و رێسا و سزایەکی نەبێت بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە ناپاکییان بەرامبەر کردووە و دەیکەن، لەمەش خراپتر، پارتە سیاسییەکانی، رێزی ناپاك و خۆفرۆشتووەکان لە تێکۆشەران و نەتەوەرپەر و نیشتمانپەروەرەکان زۆرتر بگرن!؟ لە هەموو ئەمانەش خراپتر، لەبری سزادانی ناپاکەکان، بە خانەنشینکردن و زەوی پێببەخشین و پلەوپایە پێدان، خەڵاتیان بکەن و پاداشتي خۆفرۆشی و ناپاکییەکانیان بدەنەوە!؟ شایانی باسە، کورد تەنها نەتەوەیەکە لەسەر گۆی زەوی کە بەبێ لێپرسینەوە و بەبێ سزادان، لە خۆفرۆش و ناپاك و نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشەکانی خۆی خۆش بووە!؟

ئەرێ بەڕاست با بپرسین: ئێمە چ جۆرە میللەتێکین!؟

٢٦

لە سەیروسەمەرەکانمان:

ئای چەند خۆشباوەڕ و خۆنەویست و بێگانەپەرستین، با لێرەدا نموونەیەك بهێنینەوە:کە بێگانەیەك، بەتایبەتی سیاسییەك یان راوێژکارێکی خانەنشینکراو و لێکەوتووی یەکێ لە وەزارەتەکانی یەکێ لە دەوڵەتە گەورهێزەکانی جیهان، یان ئەندام پەرلەمانێکی خانەنشینبووی وڵاتکی ئەوروپی، یان کۆنە ژێنەڕاڵێکی خانەنشینکراوی ئەوروپی و ئەمەریکی، لە یەکێ لە راگەیاندنەکاندا باسێك لە مافەکانی کورد و دەوڵەتی کوردی بکات، ئیتر پەنا بەخوا، راگەیاندنی حیزبەکان و راگەیاندنە بێ ئیشەکانی سەر بە حیزبەکان، هەر وەك شانە هەنگوینیان لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە، دەیکەن بە هەراوهوریا و بانگاشەیەك، ئەوسەری دیار نەبێت، خۆ ئەگەر ئەو بێگانە خانەنشینکراوانە، بۆ خۆشی و گەشتوگوزاری خۆیان سەردانێکی کوردستان بکەن، ئەوە بە پێشوازیی شاهانە، خۆشهاتنیان لێ دەکەن و لە باشترین و گرانترین هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکاندا جێگەیان بۆ دابین دەکەن و خزمەتیان دەکەن، ئینجا رۆژنامەنووسی حیزبی و میدیاکاری سەربە حیزبەکان، لەسەرەدا دەوەستن بۆ چاوپێکەوتن و گۆفتوگۆکردن لەگەڵیاندا، ئیتر هەر مەپرسە، چ بازاڕگەرمی و هەڵایەك لە میدیاکانیاندا دەنێنەوە!؟ بێگومان هەر هەمان ئەو سیاسی و ئەندام پەرلەمان و راوێژکار و ژێنەراڵە بێگانانە، هەتا لە لووتکەی دەسەڵاتدان و پیادەی کار و پیشەکەی خۆیان دەکەن، لە کولەکەی تەڕیشدا باسی مافە رەواکانی کورد و دەوڵەتی کوردیان نەکردووە!؟ بەڵام بە هەزاران سیاسی و نووسەر و رووناکبیر و تێژکۆشەری پاك و دڵسۆزی کورد چ لە کوردستان و چ لە هەندەران، هیچ کەس و هیچ لایەنێك نە لێیان دەپرسنەوە و نە هیچ بایەخێك بە رابووردوو و بیروباوەر و هەڵوێستەکانیان دەدەن!؟

ئای چ خۆشباوەڕی و خۆنەویستی و بێگانەپەرستییەکە!؟

٢٧

لە سەیروسەمەرەکانی بێ دەوڵەتیمان!؟

چ کارەساتێکە، میللەتێك خۆی لە مێژووی خۆیدا سەدان کارەساتی نەتەوەیی و بێ دەوڵەتی ببینێت و بە هەزارن هەزار گیانی بەخشی بێت، دڵی بەوە خۆش بێت کە بێگانەیەك دووراودوور، داوای لێ بکات کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی رابگەیەنێت!؟ زۆر بەداخەوە.

٢٨

لە سەیروسەمەرەکانمان:

هەر بۆ ئەزموون کردنی کەسە حیزبییەکان، هەر لە خۆتەوە باسی دوو بەسەرهاتی خراپ لە سلێمانی و لە هەولێر بکە، با ئەو دوو بەسەرهاتە هەرگیز رووشیان نەدابێت، دەبینی:
بەسەرهاتە خراپەکەی سلێمانی زۆرترین لایك و کۆمێنتی جۆراوجۆری لەلایەن پارتییەکانەوە بە نسیب دەبێت، ئیتر خۆتان زیرەکن و پێشبینیی لایك و کۆمێنتەکانی بەسەرهاتە خراپەکەی هەولێریش دەکەن!؟

ئای حیزبایەتی بووە بە چ بەڵا و کارەساتێك بۆ کورد و کوردایەتی!؟

٢٩

لە سەیروسەمەرەکانمان:

بە سەدان نووسەر و رۆشنبیر و رەخنەگری پاك و دڵسۆز و تێکۆشەرمان هەن کە ساڵانێکی زۆرە لە بوارە خزمەتگوزارییەکەی خۆیاندا خەریکن و رەنج دەدەن و ماندوودەبن، هەندێکیان خاوەنی چەندین بەرهەم و شاکار و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی جۆراوجۆرن، کەچی ژمارەیەکی کەمی خوێنەران نەبێت، ئیتر کەسی دیکە نایانناسن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، نەوەی سەرکردە و سەرکردایەتیی پارتە دەسەڵاتدارەکان، چونکە پارەدار و دەسەڵاتدارن و راگەیاندنەکانیان لەپشتە، بەبی ئەوەی رۆژێك لە رۆژان، بۆ کورد و کوردایەتی ماندوو یان زەرەرمەند بووبێتن، لە کورترین ماوەدا، بە ئاسانترین شێوە، وەکو دڵسۆز و تێکۆشەر و شۆرشگێر و سیاسەتمەدار و بلیمەت، بە هەموو کورد و کوردستان، دەناسێندرێن!؟

ئای، چ ناڕەوایی و نادادپەروەری و کارەساتێکە!؟

٣٠

لە سەیروسەمەرەکانمان:

رابووردوو گرنگ نییە بۆیان، هەر ئەمڕۆ تێدەخوێندرێتەوە!؟

تەنها نموونەیەك:

کەسێك هۆنراوەی (سەددام زێڕە)ی نووسیبێت و ئێستا لەسەر بوودجەی، میللەت بە پلەی لیوا خانەنشینکرا بێت، ئیتر زۆر ئاسانە، لەمەوە لە هەموو شتێکی تری دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان تێبگەین!؟

٣١

لە سەیروسەمەرەکانمانی ڕاگەیاندنەکانمان:

لە یەکێ لە ماڵپەڕەکانی باشووردا، هەواڵێك و چەند وێنەیەکی کچە کوردێکی دانیشتووی هەندەران بڵاوکراوەتەوە و وەکو ڕووداو وهەواڵێکی زۆر گرنگ و سەرسوڕهێنەریش لەسەریان نووسیوە کە لە کەنار دەریا بووە و بە جلوبەرگی مەلەکردنەوە دەرکەوتووە!؟ ئەی باشە خەڵکی بۆچی دەچنە کەنار دەریا، مەگەر بۆمەلەکردن یان خۆدانەبەر هەتاو نییە!؟ ئایا ئەوە پرسێکی تاکەکەسی نییە، بابەتێکی وەرزشی و تەندروستی نییە!؟ ئایا ئەوە هیچ پێوەندییەکی بە ڕەوشت و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە هەیە!؟ ئایا ئەوە زیانی بۆ مرۆڤایەتی هەیە!؟

بەڵام هەر هەمان ماڵپەڕ، بێ دەنگە لە دزینی بەشە بوودجەی میللەتێك، بێ هەڵوێستە بەرامبەر تاڵانکردنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی نیشتمانێك، کەڕ و کوێر و لاڵن بەرامبەر تێرۆرکردنی نووسەران و ڕەخنەگران و ڕۆژنامەنووسان.....هتد!؟

٣٢

لە سەیروسەمەرەکانمان:

ئافەرین هونەرمەندان و نووسەرانێك بۆ خۆتان و ڕۆشنبیری و هەڵوێستتان، کە لە هەموو ژیانتاندا تەنها فیشەکێکتان بە دوژمنانی نەتەوە و داگیرکەرانی نیشتمانەکەتانەوە نەنایێت، ڕۆژێك لە ڕۆژان چەکی بەرگری کردنتان هەڵنەگرتبێت، بەڵام ڕازی بن بەوەی کە حیزب بۆ مەرامی حیزبایەتی، بە پلەوپایەی پێشمەرگەیەتی و سەربازی خانەنشینتان بکەن و لەسەر بوودجەی میللەت مووچەی موفت بۆ خۆتان لووش بدەن!؟

٣٣

لە سەیروسەمەرەکانی سیاسەتی کوردی:

لە ساڵانی شەستەکانەوە، کۆمەڵێ سیاسەتپیشەی مەکیاڤیللیست، لە پێناوی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیاندا، سواری شەپۆلی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوون، لەو کاتەوە هەتا ئێستا، نە توانیان کوردایەتی بگەیەننە هیچ یەکێ لە ئامانجەکانی، نە توانییان هیچ گۆڕانکارییەکی ئەرێتییانە لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆیاندا بکەن، نە توانیان سیستمێکی سەردەمییانە و خزمەتگوزاریانەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بۆ میللەت دەستەبەر بکەن، کەچی بۆ نەگبەتیی میللەت، هەتا ئێستاش هەر هەمان ئەو دەموچاوانەن و ئەوانەی لە ژیانیشدا نەماون، ئەگەر هەتا ئێستا بمانایە، هەر بەردەوام دەبوون، لە هەموویشی سەیروسەمەرەتر و کارەساتبارتر، ڕوویان دێت و دەوێرن باسی ئازادی و دیمۆکراسی و خزمەتی میللەتیش بکەن!؟

کەواتە، ئافەرین میللەت بۆ خۆتان و بیرکردنەوە و تێگەشتنتان، ئافەرین بۆ بەردەوام بوونتان لەگەڵ نوێنەرە هەڵبژاردەکانتاندا!؟

٣٤

لە سەیروسەمەرەکانی وڵات:

ئێمە لە وڵاتێکدا لەدایك بووین و دەژین، ئەگەرێتو تەنها دێڕێك بڵاوبکەیتەوە کە دژی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسی بێت، ئەگەری ئەوە هەیە کە ژیانت بکەوێتە مەترسییەوە، واتە ئەگەری تێرۆرکردنت هەیە!؟

ئەمە چ جۆرە ژینگەیەکی ژیانە!؟

٣٥

لە سەیروسەمەرەکانمان:

هەر بۆ ئەزموون کردنی کەسە حیزبییەکان، هەر لە خۆتەوە باسی دوو بەسەرهاتی خراپ لە سلێمانی و لە هەولێر بکە، با ئەو دوو بەسەرهاتە هەرگیز رووشیان نەدابێت، دەبینی: بەسەرهاتە خراپەکەی سلێمانی زۆرترین لایك و کۆمێنتی جۆراوجۆری لەلایەن پارتییەکانەوە بە نسیب دەبێت، ئیتر خۆتان زیرەکن و پێشبینیی لایك و کۆمێنتەکانی بەسەرهاتە خراپەکەی هەولێریش دەکەن!؟

ئای حیزبایەتی بووە بە چ بەڵا و کارەساتێك بۆ کورد و کوردایەتی!؟

٣٦

لە سەیروسەمەرەکانی راگەیاندنی سیاسی:

بەگوێرەی راگەیاندنەکانی سەربە هەولێر بێت، دەبێت ئێستا لە سلێمانی لافاوی خوێن هەستا بێت، کە لافاوێکیش هەولێر دەگرێتەوە، راگەیاندنەکانی سەربە سلێمانی، دەیکەن بە کارەساتی سیاسی!؟

٣٧

لە سەیروسەمەرەکانی شاندە کوردییەکان بۆ هەندەران:

بە پارە و ئیمتیازاتی زۆرەوە گەشتەکە دەکەن و بەبێ دەستکەوت و سەرکەوتنی دیبلۆماسی و سیاسی و ئابووری، بەدەستی بەتاڵەوە بۆ نیشتمان دەگەڕێنەوە!؟

هەتا ئێسا نەمانبینی، لە باشووری کوردستانەوە شاندێکی پیشەکار و شایستە و رێکوپێکی دیبلۆماسی رەوانەی دەرەوە بکرێت، ئەوانەی دەنێردرێن، هیچیان لە ئاستی نوێنەرێتی کردنی نەتەوە و نیشتمانێکدا نین، زۆربەی زۆریان تەنانەت زمانێکی زیندووی جیهانی وەکو ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئەڵمانی و رووسی.....هتد، نازانن، هیچیان خاوەنی پاشخانێکی دیبلۆماسی و رۆشنبیری و سیاسیی زانستییانە نین، بەڵام ئەمانە بۆ دەسەڵاتی باشوور، هیچیان گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە حیزبیبن، یان نەوەی سەرکردەیەکی حیزبی و لە کەسوکارە نێزیکەکانی سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبە دەسەڵاتدارەکانبن!؟

٣٨

لە سەیروسەمەرەکانمان:

دز بە دز دەڵێت: دز. نەوت دز بە نەوت دز دەڵێت: نەوت دز. تاڵانچی بە تاڵانچی دەڵێت: تاڵانچی!؟

پەندە کوردییەیەکە: قەل بە قەلی وت، رووت رەش بێ.

٣٩

لە سەیروسەمەرەکانی نەوەی نوێی کورد:

دە وەرە کورد بیت و لەدایك بووی نەوەدەکان بیت، منداڵەکەت ناونابێت، عەبدلقهار!؟

ئەوروپییەکان و ئەمەریکییەکان دەبن بە موسڵمان!؟

٤٠

لە سەیروسەمەرەکانی ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی:

لەم رۆژانەدا، کۆنە بەعسییەك، عەرەبێکی رەگەزپەرست، فەتلاوی ناوێك کە ئێستا لە بەغدا لە دەسەڵاتدایە، سەردانی شاری هەڵەبجەی کردووە، راگەیاندنەکانی دەڤەری زەرد، وەکو کارەساتێکی شەرمهێنەر و پڕ لە شەرمەزاری بۆ دەڤەری سەوزیان ناوزەد کردووە، بەڵێ ئێمەی کورد ئەگەر رێزمان لە گیانبەخشیوەکان و لە خۆمان و دۆزە نەتەوەیی و نیشتمانەکەمان بگرتایە، نەدەبووایە رێگەمان بەو جۆرە دوژمنانە بدایە بۆ تەنها چرکەیەکیش هەوای کوردستان هەڵبمژن و دڵۆپێك ئاوی کوردستان بخۆنەوە، بەڵام دیارە رەخنەی راگەیاندنەکانی دەڤەری زەرد ئەم ناوەڕۆکەی لەخۆ نەگرتووە، چونکە هەر هەمان فەتلاوی لە هەولێر ژیاوە و لەلایەن دەسەڵات و دەسەڵاتدارانەوە، وەکو پاداشت و خەڵات، پارچە زەویشی پێبەخشراوە و وەکو دەڵێن، خاوەنی کۆمەڵێك شتی دیکەشە لە هەولێر، با لێرەدا پرسیارێك لە راگەیاندنکارانی دەڤەری زەرد و سەوز بکەین: ئەی خۆ تێرۆریستە بکوژەکانی دوکتۆر قاسملۆ و هەڤاڵە نەمرەکانی دیکەی، چەندینجار سەردانی سلێمانی و هەولێریان کردووە و بەوپەڕی رێز و شکۆدارییەوە پێشوازییان لێکراوە و فەرشی سووریشیان بۆراخراوە، ئەی ئەمە ناو دەنێن چی، ئەی بۆ مەگەر ئەمە کارەسات نییە، شەرمهێنەر و ئەوپەڕی شەرمەزاری نییە!؟

ئەی یادکردنەوەی مەرگی ئیمام خومەینی جەللاد لە هۆڵی پێشەوا قازی محەمەد لە هەولێر ناو دەنێن چی، ئەی کردنەوەی سەنتەری ئیمام خومەینیی جەللاد لە کەرکوك ناو دەنێن چی!؟

ئایا باشتر نییە بۆ هەردوو لا کە لاپەڕە رەشەکانی یەکتر بۆ یەکتر هەڵنەدەنەوە، ئایا بێدەنگییان بەرامبەر بە رابووردووی یەکتری، باشتر نییە؟

٤١

کام فەرمانڕەوایی!؟

ئێستا لە باشووری کوردستاندا، شتێك نەماوە بەناوی فەرمانڕەوایی و پەرلەمان و یاسا و دادوەرییەوە، نە فەرمانڕەوایی، نە پەرلەمان، نە وەزارەتەکان، نە دادوەرییەکان، هیچییان

ڕەوایەتیی یاساییان لای میللەت نەماوە. لە دەڤەری زەرد و سەوزدا، هەر هەموویان بە جیا، بوون بە ئامێر بەدەستی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!؟

تۆ بڵێی: ڕاپەڕین، بەناچاری دواهەمین چارەسەر بێت!؟

٤٢

ڕاپەڕین یان ئاژاوەگێری.....!؟

ئەگەر مەبەست لە خۆپیشاندان یان ڕاپەڕین، شکاندنی شتومەکی سەر جادەکان و ئاگرکردنەوە و بەردبارانکردنی بارەگای پارتەکان بێت، هەر هیچ نەکرێت باشترە!؟

٤٣

ڕاپەڕین:

ڕاپەڕین ئەگەر لەپێناوی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکاندا نەبێت، ئەگەر بۆ گۆڕانکاریی بنچینەیی و لە ڕەگوریشەوە دەرکێشانی ماك و هۆکارەکانی نایەکسانی و نادادپەروەری نەبێت، پێشتریش بەرنامە و پلانی کۆمەڵکاریی ڕێکوپیکی بۆ ئامادە نەکرابێت، ئامانجەکان دەستنیشان نەکرابێت، میللەت هۆشیار و یەکگرتوو نەبێت، بە دڵنیاییەوە لە ئاژاوەیەکی کاتی زیاتر، هیچ شتێکی دیکە نابێت و کۆمەڵێك زیانی گیانی و مادیی لێ دەکەوێتەوە و هیچ ئەنجامێکی باش و چاوەڕوانکاروی نابێت!؟

٤٤

بۆ گەنجان/لاوان:

تکایە هۆشیاربن، ڕێگە بە ئیسلامییە سیاسییەکان مەدەن، لە خۆپیشاندانەکاندا، پلان و بەرنامە ئاژاوەگێڕییەکانی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان جێبەجێ بکەن!؟

ئاگاداربن، بەشداریی ئیسلامییە سیاسییەکان لە خۆپیشاندانەکان یان لە ئەگەری ڕاپەڕیندا، تەنها هەر بۆ شکاندنی شتوومەکی سەرجادەکان و ئاگرکردنەوە و سووتاندن و بەردبارانکردنی بارەگاکان و شوێنە گشتییەکانە، بە کورتییەکەی بۆئاژاوەگێڕی و تێکدانە!؟

٤٥

سەرژمێری:

٢٥ ساڵە گوایە ئازادین و خۆمان خۆمان بەڕێوە دەبەین، کەچی هەتا ئێستا کەس نازانێت، ژمارەی دروستی هاونیشتمانیانی باشووری کوردستان چەندە!؟

٤٦

میللەت و دەسەڵات:

دەسەڵاتدارانی سیاسیی باشوور، لەبری بیرکردنەوە و پلان دانان و پێکەوە کارکردن لەگەڵ نوێنەرانی میللەتدا، تاکو هەموو پێکەوە بتوانن ڕێگەچارەیەك بۆ تەنگەژە ئابووری و سیاسی و

کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕۆ دابنێن، کەچی کەوتوونە هەڕەشەکردن و گرتن و سزادانی رەخنەگران و چالاکوانانانی بەرەی میللەتەوە!؟

ئەرێ بەڕاست ، ئەوانە چ جۆرە بوونەوەرێکن!؟

٤٧

نەفرەت لە سیاسەت:

پرسیارێك لە بەناو بەرهەڵستکاران: جاران لای ئێوە، دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ناڕەوا و گەندەڵکار و دز و تاڵانچی بوون، مەگەر ئێستا چی گۆڕاوە، هەر هەمان دەسەڵاتە، هەر هەمان دەسەڵاتدارانی جارانن!؟

لە راستیدا هیچ نەگۆڕاوە، ئەوەی کە گۆڕاوە، تەنها هەر ئێوەن کە پاشەکشێتان کردووە و لە بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی جارانی خۆتان پەشیمان بوونەتەوە!؟

٤٨

ئافەرین میللەت و ئافەرین دەسەڵاتدارانی سیاسی:

باشووری کوردستان: سەرزەوییەك، بەشە نیشتمانێك، جگە لەوەی کە یەکێکە لە بەپیتترین خاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەهەمانکاتیشدا خاوەنی ئەو هەموو سامانە زۆر و زەبەندە و گرانبەهایەی سەرزەوی و ژێر زەوی بێت، بەڵام چونکە وەکو پێویست کەڵکی لێ وەرنەگیراوە و سەرباری ئەمەش، بێ خاوەن و بێ یاسایە و داهات و خێروبێرەکەیشی لەلایەن چەند سەرکردە و سەرکردایەتییەکی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و بە یەکسانی و دادپەروەرانە دابەش نەکراوە، ئێستا چەند دەسەڵاتدارێکی سیاسیی میلیاردێر و چەند هەزار بازرگانێکی میلیۆنەر و میللەتێکی بێ بەرهەم و هەژار و مایەپووچ و چاولەدەستی لەسەر دەژین!؟

٤٩

پرسیارێك لە میللەت:

ئەرێ بەڕاست، ئافرەتان نیوەی کۆمەڵ نین و دایك و خوشکی نیوەکەی دیکەیشیان نین!؟

ئەی بۆچی ناکرێت و نابێت، لە مێژووی کورددا، ئەگەر بۆ یەك جاریش بێت، ئافرەتێکی کورد، سەرۆکی کورد بێت!؟

٥٠

سلێمانیشمان رۆ!؟

تکایە کەس بەهۆی ئەم کورتە نووسینەوە، دەرفەت لە یەکێتی و گۆڕان و دەسەڵاتدارانی سلێمانی نەهێنێت و بۆ ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی بە خراپ سوودی لێوەرنەگرێت، چونکە دەڤەری زەرد لە دەڤەری سەوز باشتر و ئازادتر و دیمۆکرسیتر نییە، ئێمە باس لە دەسەڵاتی باشوور دەکەین کە بێ جیاوازی مەبەستمان لە هەموویانە. چونکە ئیسلامی سیاسی سەرانسەری هەموو کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی تەنیوەتەوە بنکۆڵی کردووە و وەپاشی خستووە و دایڕزاندووە!؟

یەکێ لە ناخۆشترین ئەو هەواڵانەی کە رایچڵەکاندم و دڵ و گیانی هەژاندم، ئەو هەوڵی سەرپڕینەی ناو شاری سلێمانی بوو کە کوردێکی سەلەفیی گەوجێندراو و مێشك بە عەرەبکراو، ویستبووی رەخنەگرێکی کورد بە چەقۆ سەرببڕێ، بەڵام خۆشبەختانە هەوڵەکەی سەری نەگرتووە و تەنها توانیویەتی بریندای بکات، بەڵام لەم کارەساتەش، کارەساتتر ئەوەیە کە سەلەفییەکە چەندینجار ئەم بابەتەی لای خەڵک باس کردووە و پێشتر ئەو کوردە رەخنەگرەی ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر بەردەوامێت لەسەر رەخنەگرتن لە سەلەأفییەکان، ئەوا سەری دەبڕێت، پاش بریندارکردنیشی، سەرپڕەکە وتوویەتی: هەر دەبێت سەری ببڕم و بە سزای ئیسلامییانە و سەلەفییانەی بگەیەنم، گوایە ئەمەشی بۆیە کردووە کلە بەو سەرپڕینە بەهەشتی خەیاڵپلاوانەی ئیسلامی عەرەبی بۆ خۆی مسۆگەر بکات!؟

زۆر بەداخەوە، سلێمانیش وەکو هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی دیکەی کوردستان، پڕ پڕ بووە لە سەلەفی و سەلەفیی جیهادی و ئیخوان و ئیخوانچی میتی و ئیسلامیی ئیتلاعاتی و وەهابی و ئیسلامی سیاسیی تێرۆریست!؟

ئەمە بوو بەرهەمی ٢٥ ساڵ گوایە ئازادی و دیمۆکراسی و خۆفەرمانڕەوایی خۆماڵیمان!؟

ئەمە بوو مۆدێلی دەسەڵات و دیمۆکراسیی نموونەیی کە سیاسەتچی و دەسەڵاتدارانی خۆشگوزەران و خەولێکەوتووی باشوور بانگەشەیان بۆ دەکرد!؟

بەڵی هەر ئەمەیە و هەر ئەمە دەبێت بەرهەمی ٢٥ ساڵ دەسەڵاتی تاکڕەوی و پیاوسالاری و خێڵسالاری و بنەماڵەسالاری و ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی و دژایەتی و دوژمنایەتیی کوردایەتی!؟

بەڵێ هەر ئەمەیە و هەر ئەمە دەبێت بەرهەمی سیاسەتی رۆژنامەنووس فڕاندن و تێرۆرکردنیان، نووسەر و رەخنەگر ترساندن و فەرامۆش کردن و ولاتبەدەرکردنیان!؟

بەڵی هەر ئەمەیە و هەر ئەمە دەبێت بەرهەمی گەندەڵچێتی و دزی و تاڵانچێتی!؟

بۆدەسەڵاتدارانی باشوور: هێشتا سەرە دەزوویەکتان بەدەستەوە ماوە کە بتوانن چارەسەرێکی گێرەشێوێنی و ئاژاوەگێری و زیادەڕەوییەکانی رەوتی ترسناکی ئیسلامی سیاسیی پێ بکەن، تکایە فریای خۆتان و باشووری کوردستان بکەون، خەریکە دەبێت بە ئەفگانستانی سەردەمی کارەساتبار و ترسناکی تاڵیبان!؟

٥١

باڵوێزی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیازپاکی، خاتوو (نادیە موراد)ی کوردی ئایین ئێزیدی:

زۆربەی هاورێیانی فەیسبوك، پێشتر دەستپێشکەرییان کردوو و پیرۆزباییان لە بەڕیز خاتوو (نادیە موراد) کردووە، لێرەدا هەرچی بنووسم، هەر دەبێتە دووبارەکردنەوەی نووسینەکانی ئەو هاورێ بەڕیزانە، هەر بۆیە لە کانگەی دڵمەوە بە یەك وشە دەڵێم: پیرۆزە.

٥٢

رەخنەگرتن لە خاتوو (نادیە موراد)!؟

چەند رەخنەیەك رووبەڕووی خاتوو (نادیە موراد) کراوەتەوە کە گوایە (کوردایەتی) ناکات و هەر باسی پرسی ئێزیدییەکان و ئایینی ئێزیدییەکان دەکات و لە دانیشتنە فەرمییەکانی رێکخرای

نەتەوە یەکگرتووەکاندا، ئاخاوتنەکان و وتارەکانی خۆی بە کوردی پێشکەش ناکات!؟ بەڵێ راستە، (نادیە موراد) بە عەرەبی ئاخاوتنی کرد، رەنگە هەر بە عەرەبیش بتوانێت وتەکانی خۆی پێشکەش بکات، چونکە بەرلەهەر شتێك، ئەو وەك کەسێکی ستەملێکراو و زیانلێکەوتوویەکی پرسەکانی هەڵاواردنی ئایینی و ئایینزایی چاوی لێدەکرێت و وەك هاونیشتمانییەکی عێراقی ئەو پلەوپایەی پێدراوە، نەك وەك کورد و کوردستانی، نابێت چاوەروانی ئەوەش بکرێت کە لەو پۆست و رێکخراوەدا بواری کوردایەتی کردنی پێبدرێت. چونکە مەبەستەکە دژایەتی کردن و دوژمنایەتی کردنی داعش و تێرۆر و تێرۆرستە ئیسلامییەکانە نەك نوێنەرایەتی کردنی پرسی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد و کوردستان. لێرەدا با ئەو راستییەش بەیان بکەین کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هیچ گومانی تێدا نییە کە ناوەکەی راست نییە و هەڵەیە، ناوەکەی رەوا نییە و هیچ رەوایەتییەکی مرۆڤدۆستانەشی لەخۆ نەگرتووە، لە راستیدا ئەوە رێکخراوی (دەوڵەتە یەکگرتووەکانە)، نەك رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!؟

هەر چۆن بێت، بوونی ئەو خاتوونە بەرێز و ستەملێکراوە لەو پلەوپایە و رێکخراوە جیهانییەدا، هەنگاوێکی باشە و کەڵك وەرگرتنە لە بوارێکی فراوانی راگەیاندنی جیهانی بۆ خۆی و بۆ هاوئایینییە ستەملێکراوەکانی، هەربۆیە پێویستە و دەبێت بە چاوێکی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستانەوە تێبخوێندرێتەوە و پشتیوانیی لێ بکرێت.

هیوای باشی و بەردەوامی و سەرکەوتن بۆ خاتوو (نادیە موراد) دەخوازم.

٥٣

وشەی (چەورە):

ئەمڕۆ لە سلێمانی وشەی (چەورە) زۆرتر بۆ کەسانی سووك و نەخوازراو بەکار دەهێنرێت، لەڕاستیدا کە لە سلێمانی بووم، پێموابوو، مەبەستەکە ئەو کەسانە بێت کە جلوبەرگی چەور یان پیسوپۆخەڵ لەبەر دەکەن، هیچ کاتێکیش بە پێویستم نەزانی بوو و یان ئەوکاتە تەمەنم ئەوەی نەدەخواست کە واتاکەی بپرسم، خۆشبەختانە بەبێ ئەوەی مەبەستم بێت، لە پەڕتووکی (دیوانی عەلی بەردەشانی)دا بەرچاوم کەوت کە ئەو هۆزانقانە گەورە میللییەی کورد، لە یەکێ لە هۆنراوەکانیدا بەکاری هێناوە. وشەکە هی ناوچەی ئاسۆس و شیلانە و بەردەشانە، کە ئەمە مانا راستینەکەیەتی:

چەورە: کەسێك لەلایەنێك دەتۆرێت، دەچێت بۆ لایەنی دژە لایەنەکەی خۆی، بەڵام پەشیمان ) دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە لایەنی پێشووی، پێیدەگوترێت چەورەی کردووە).

کەواتە بەپێی ئەم مانایە بێت، لە بزووتنەوەی چەکداری-سیاسیی کوردستاندا، بە هەزاران کەس چەورەیان کردووە و چەورە بوون!؟.

سەرچاوە:

دیوانی عەلی بەردەشانی، ل ١٢.

٥٤

ئافەرین میللەت!؟

میللەتێك ژێردەستە و چەوساوە بێت، نیشتمانەكەی داگیركراو و دابەشكراو بێت، بێ دەوڵەت بێت، ٤ دەوڵەتی دڕندەی میللەتە سەردەستەكان، دوژمنی بێت، سعودییە و قەتەر و زۆربەی زۆری دەوڵەتە عەرەبییەكانی تریش هەر نەیاری بن، بەڵام خاوەنی ئەو هەموو ڕێكخراو و كۆمەڵە و پارتە سیاسییە پەرشوبڵاو و دژبەیەكانە بێت!؟

ئایا دەتوانرێت ئەو هەموو لێكجیاواز و دژبەیەكانە بۆ یەک تێكۆشان و یەك ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانی پێكەوە بسازێنرێن!؟

٥٥

وردە وردە باشووری كوردستان لە كورد چۆڵ دەبێت:

تێر ئاگای لە برسی نییە: دەسەڵاتدارانی سیاسیی باشووری كوردستان، بەرامبەر ئەو بارودۆخە سەختەی میللەت، بێ هەڵوێست و بێباكن، خۆیان كردووە بە كەڕ و لاڵ و كوێر!؟

ئەوەی بیستوومە و باس دەكرێت، چەندین پزیشك و مامۆستای زانكۆ و خەڵكی دەوڵەمەند، كوردستانیان چۆڵ كردووە و بەرەو هەندەران ڕەویان كردووە. ئەمەش هەر ئەوە دەگەیەنێت كە لە چاكسازی و باشتر بوونی بارودۆخی داهاتووی كوردستان نائومێد بوون. بە كورتییەكەی كۆچڕەو بەردەوامە و وایڕوات، باشووری كوردستان لە كورد چۆڵ دەبێت و بۆ عەرەبە كۆچكردووەكان و كرێكارە میوانە هاوردەكراوەكان دەمێنێتەوە!؟

٥٦

ترس لە میللەت!؟

لە كۆی ٥٠٠ بەرپرسی باڵای حیزبی و دەسەڵاتی سیاسیی باشوور، ڕەنگە ٥ دانەیان نەوێرێن و نەتوانن و بۆیان نەبێت بە ئاشكرا و بێترس، بێنە ناو میللەتەوە و بەبێ كۆمەڵێك پاسەوانی چەكدار، چەند خولەكێك لە شوێنێكی گشتیدا خۆیان دەربخات!؟

باپرسین: ئەوانە بۆچی ناوێرن و ناتوانن و بۆیان نییە بەبێ ترس و بەبێ پاسەوانی چەكدار، لەناو میللەتدا دەربكەون!؟

٥٧

تەواو بێزار بووین!؟

ئەرێ خۆتان بێزار نەبوون لە بڵاوكردنەوەی ئەو هەموو وێنانەی سەرۆك و سەركردە و سەركردایەتیی حیزبەكانتان، ئەرێ ماندوو نەبوون لەو هەموو بەشانوباڵ هەڵدانانەی بەرپرسەكان و نەوەكانیان!؟ ئەگەر ئێوە خۆتان بێزار نەبوون، بەڕاستی ئێمەتان بێزار كردووە، چونكە ئێمە دەزانین چیان كردوە و چیان نەكردوە، ئێستا لەسەردەستی ئەو سەرۆك سەركردە و سەركردایەتییانەدا، پێنج میلیۆن كوردی باشوور، مایەپووچ بوون و زۆرتر لە ٤٠ میلیارد دۆلاریش قەرزارن!؟ ئێمە بیر لەوە دەكەینە و چۆن و بەچی لەژێر باری گرانی ئەو قەرز و قەرزارییەماندا

دەربچین!؟ ئێوەیش هەر خەریکی بتپەرستی و ململانێی ناڕەوای حیزبایەتی و شەڕە پەڕۆ و شەڕە جنێون!؟

٥٨

نیشتمان:

ئەگەر ژینگەی ژیانی نەتەوەیەك، واتە نیشتمان، پیرۆز نەبووایە، بۆچی بە درێژایی مێژوو، میلیۆنان هاونیشتمانی, سەر وماڵیان لەپێناویدا بەخشیوە!؟

٥٩

میللەتێك و تاکەکەسێك:

هەر میلللەتێك، ناسنامە و داهاتووی خۆی ببەستێتەوە بە تاکە کەسێکەوە، ئەوە میللەتێکی بێ ناسنامە و بێ داهاتووە!؟

٦٠

دەوڵەتی نەتەوەیی!؟

لە مێژووی هەموو میللەتاندا، دەوڵەتی نەتەوەیی تەنها هەر بە رێکخستنی نەتەوەیی و سەرکردە و سەرکردایەتیی نەتەوەیی ئازا و شۆرشگێر و لەخۆبووردوو دروستکراوە.

٦١

دوو زلهێزەکە:

پارتی و یەکێتی، یان یەکێتی و پارتی، هەرچی لەسەر خۆیان بڵێن، بە دڵنیاییەوە راست نییە، بەڵام هەرچی لەسەر یەکتری دەڵین، بەدڵنیاییەوە درکاندنی راستیە!؟

٦٢

بە هۆی ئەم بەرە جەژنانەوە!؟

تەنها نموونەیەك لە هەزاران:

ئەرێ بەڕاست، ئێوە سەرنجی جۆری پێڵاو و جلوبەرگە جۆراوجۆرەکانی رۆژانەی سیاسییەکان و سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبەکان و نەوەکانیان و کەسوکارە نێزیکەکانیانتان داوە، دەبێت خەرجیی ئەو هەموو پێڵاو و جلوبەرگە رۆژانانەیان،  ساڵانە چەند بێت!؟

٦٣

ئێران و باشووری کوردستان:

زۆر بەکورتی: لە ساڵی ١٩٦١ەوە هەتا ئێستا، ئێران چ بە ئاشکرا و چ بە ژێربەژێر، دەستی هەبووە لە هەموو کارەسات رووداوەکانی ناو بزووتنەوەی سیاسی-چەکداریی باشووری کوردستاندا، ئەوان دەوڵەتن و ئەزموونی ٣ هەزار ساڵ دەوڵەتدارییان بە میرات بۆ ماوەتەوە، ئێمەی کوردانی باشووریش، خوا و رێکەوت و بەخت، ئەم ئەزموونەی خۆفەرمانڕەوایی

پێبەخشین، بەڵام نەك هەر وەکە پیویست سوودمان لێ وەرنەگرت، بەڵکو کار گەیشتە ئەم بارودۆخە خراپەی کە ئێستا هەیە!؟

٦٤

ئافەرین میللەت، ئافەرین موسڵمانی دەستی دوو:

میللەتێك بەزۆر و بە شەڕوشۆڕ و ملپێکەچ کردن، ئایینێکی دواکەوتووی میللەتێکی دواکەوتووی بەسەردا سەپێنرابێت، ١٤٠٠ ساڵیشە بەناوی حەج و عەمرەکردنەوە، بەرهەمی رەنج و ماندووبوون و کات و وزەی خۆی، خۆبەخشانە دەبات بۆ عەرەبەکانی عەرەبستانی سعودیە، وازی لە دابونەریت و فەرهەنگی رەسەنی خۆی هێنابێت و هەموو شتێکی بوویێت بە دابونەریت و فەرهەنگی دواکەوتووانەی ئیسلامی عەرەبی، کەچی هێشتا خاوەن ئایینەکە بە موسڵمانی تەواویشت نەزانێت و وەکو موسڵمانی پلە دوو یان بێباوەڕ و کافر بتناسێتنت و سەروماڵیشت بۆ خۆی بە حەڵاڵ بزانێت!؟

سڵاو لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵسوکەوتمان!؟

٦٥

خوا لەسەر گۆی زەوی ماڵی بۆچییە!؟

خوایەك کە گەردوونی بێ سنووری دروست کردبێت و خۆی خاوەنی بێت و بیچەرخێنێت، دەبێت ماڵی لەسەر زەوی بۆچی بێت، گۆی زەوی بە بەراوورد لەگەڵ گەردووندا، گەردیلەیەکی نەبینراویش نییە!؟

٦٦

بوون و نەبوونی خوا!؟

بوون و نەبوونی خوا، کێشە دروستکردنی ناوێت!؟ ئەگەر خوا هەبێت، هەبوونەکەی خۆی بەڵگەیەتی، بەدڵنیاییەوە بەبێ پەیامبەران و ئایینەکان و پروادارانیش، دەتوانێت خۆی بە ئاسانترین شێوە بە هەموو مرۆڤایەتی بناسێنێت. ئیتر ئەو هەموو لەسەرنووسین و مشتومڕەی بۆچییە!؟ ئەو هەموو پەرستن و پەرستگە و ئایین و ئایینزا و پەیامبەران و پرواداران و مەلا و بانگخواز و کەشیش و خاخام و مامۆستایانی ئایینی و خەرجی و کات کوشتن و کێشە و توندوتیژی و کوشتوکوشتارەی بۆچییە!؟ خۆ ئەگەر خوا نەشبێت، ئێ کە شتێك بوونی نەبێت، ئیتر هیچ شتێك پێویست نابێت کە ببێت بە بەڵگەی نەبوونەکەی، با بگوترێت: نییە و تەواو!؟

٦٧

ئافەرین میللەت، ئافەرین دەسەڵاتدارانی سیاسی!؟

ژمارەی مزگەوتەکانی باشووری کوردستان، بە شاری کەرکووکەوە، بەپێی ئاماری وەزارەتی تەعریبچیی ئەوقافی ئیسلامی، گەیشتووەتە ٦٠٧٣ مزگەوت، واتە ٦٠٧٣ بنکەی تەعریبچێتی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و بانگاشە کردن بۆ داعش و داعشیزم!؟

بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە باکووری عێراق!؟

٦٨

مایەپووچیی ئیسلامییە سیاسییەکان:

درۆودەلەسە ریزکردن و هەلبەستنی وتەی باش و جوان و سەرنجڕکێش بەناوی نووسەران و فەیلەسوفان و داهێنەران و کەسایەتییە مێژوویە بەناوبانگەکانی ئەوروپی و ئەمەریکییەوە بۆ بەرژەوەندیی ئیسلام و عەرەب و عروبە!؟

لە هەموو مێژوودا، لەسەرانسەری جیهاندا، ئایین لەناو کۆمەڵگەکاندا هەر بوونی هەبووە و پێڕەوی لێ کراوە، ئێستا هەندێك گا دەپەرستن، هەندێك دیاردە سروشتییەکان دەپەرستن، هەندێك بەجۆرێك لە جۆرەکان بت دەپەرستن، هەندێك دوای وتەکانی پەیامبەران کەوتوون و لایان پیرۆزە و بەموو لێی لانادەن، ئیتر هەروا بووە و هەروا دەبێت،کەواتە لە هەموو سەردەمێکدا ئایینەکان پێڕەوکارانی خۆیان هەبووە و هەر دەشیان بێت، ئیتر ئەو هەموو بانگاشە و هەوڵی فریودان و هەڵخەڵەتاندنەی بۆچییە!؟

ئیسلامییە سیاسییەکان، چونکە بازرگانی بە ئیسلامەوە دەکەن و لە هەوڵی ئەوەدان بەهۆی ئیسلامەوە بگەنە کورسییەکانی دەسەڵاتی سیاسی، گشت هۆ و هۆکارێك بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵك بەکار دەهێنن، هیچ شتێکیان پێ نەنگ و شەرم نییە.بۆ نموونە، لە فەیسبووکدا، هەزاران درۆودەلەسە بەناوی کەسایەتییە مێژوویی و بەناوبانگەکانی مرۆڤایەتییەوە دەکەن، بەناوی فەیلەسوف و زانا و داهێنەر و نووسەرە بەناوبانگەکانەوە، بانگاشە بۆ ئیسلامی عەرەبی دەکەن، فلان زانا وای لەسەر پەیامبەری موسڵمانان وتووە، فلان داهێنەر لە پەڕتووکخانەکەی خۆیدا قورئانی لەسەروو هەموو پەڕتووکەکانی دیکەوە داناوە، فلان فەیلەسووف وتویەتی ئیسلام ئاشتیخوازترین ئایینە، فلان نووسەر وتویەتی تەنها لە ئیسلامدا رێزی ئافرەت هەیە و مافەکانی پارێزراوە، سەدان درۆودەلەسە و شتی هەڵبەستراوی دیکەی لەم بابەتانە و.....هتد!؟ با بپرسین: ئەی ئەگەر وایە، بۆچی هەموو ئەو کەسایەتی و نووسەر و فەیلەسوف و زانا و داهێنەرە بەناوبانگە ئەوروپی و ئەمەریکیانە کە ئەو درۆیانەیان بەناوەوە دەکرێن، یەکێکیان وازی لە ئایینەکەی خۆیان نەهێنا و نەبوو بە موسڵمان!؟

٦٩

ئەفسانەی فڕین بۆ لای خوا:

پەیامبەران لەرێگەی پەیامە ئایینییەکانەوە باسی بابەتی ئەفسانەییان کردووە یان هەر لەو پێداویستی و دیاردانە دواون کە لەسەردەمی خۆیاندا پێویست و گرنگ بوون و جێگەی پرواپێکردن بوون!؟

لە زۆربەی ئایینەکاندا باسی فڕینی پەیامبەران بەرەو بەرینایی ئاسمان، بۆلای خوا کراوە، ئەمەش هەر بە مەبەستی ئەوە بووە کە لەرێگەی پەرجووی فڕینەوە، پیرۆزییەك بۆ ئایین و پەیامبەران بسازێنن و ئەفسانەی ئایینەکان بۆ ئاسمان دوور بخەنەوە تا هیچ کەسێك بیر لەوە نەکاتەوە کە چۆن پەیامبەران لەسەر زەوییەوە توانیویانە لەگەڵ خوادا گفتوگۆ بکەن!؟ ئایا باشتر نەبوو لەبری پەنابردن بۆ گیاندارێك، وەکو خەوێك باس بکرایە، دەکرێت لەخەودا لەگەڵ خواشدا گفتوگۆ بکرێت، خۆ کەس ناتوانێت خەوی هیچ کەسێکی دیکە بەدرۆ بخاتەوە، بەڵام کێشەکەکە ئەوە بووە چونکە لەو سەردەمانەدا کە دیاردەی سەرهەڵدانی پەیامبەران و ئایین باو بووە، هیچ ئامێرێکی فڕین و هاتوچۆ و گواستنەوە بوونیان نەبووە تا بیانتوانیایە بیر لە باسکردنی ئامێرێك

بکەنەوە، رەنگە ئەگەر لەبری گیاندار، باسی ئامێرێك بکرایە، ئێستا ئەگەری پرواپێکردنی هەبووایە!؟

ئایا ئەگەر ئێستا کەسێك، با زانا و فەیلەسوف و داهێنەر یان تەکنیککاریکی بلیمەتیش بێت، رووی دێت و دەوێرێت باسی ئەوە بکات کە بە گیاندارێکی باڵدار بەرەو بەرینایی ئاسمان و گەردوون فڕیوە!؟

٧٠

ترسنۆکیی و لاوازیی دەسەڵات و دەسەڵاتداران و دەوڵەتی کوردی!؟

چۆن پروا بە دەسەڵات و دەسەڵاتدارانێك بکرێت کە بوێرن و بتوانن دەوڵەتی کوردی رابگەیەنن، کە لە ماوەی ٢٥ ساڵدا نەیانتوانیبێت لێپێچینەوەیەکی شۆرشگێرانە و یاسایی، تەنانەت لەگەڵ یەك مەلا و یەك بانگخواز و یەك فەتواچی و یەك ئیسلامی سیاسیی داعشبیر و تەعریبچی و دژە کچ و دژە ژن و دژە کوردایەتی و دژە پێشکەوتن بکەن!؟

٧١

بەرەو کوێ!؟

باشووری کوردستان پڕ پڕ بووە لەم جۆرە شەبەنگ و خێوانە، بەردەوامیش لە زیاد بووندان، سیمای رەسەنی کوردەواری رۆژ بە رۆژ شێواوتر و خراپتر دەبێت!؟

لە فەرمانگەیەکی شاری سلێمانیدا، لە کۆی ١٩ ئافرەتی کورد، ١٧ دانەیان لەچك بەسەر بوون!؟

هەولێر دهۆك و ئاکرێ و زاخۆ و کەرکوك و هەڵەبجە و سۆران و رانیە و قەڵادزێ و عەربەت و سەیدسادق و خورماڵ، هەر بەهەمان شێوەن!؟

ئێستا لە هەموو فەرمانگە و خوێندنگە و شوێنکار و شوێنە گشتییەکاندا، دیاردەی لەچك و پەچە و باڵاپۆشی عەرەبی ئیسلامی، بووە بە دیاردەیەکی بەرچاو و بینراو، لەمەش خراپتر، بە چاوێکی خراپ و سووك و بێ رێزییەوە لە ئافرەتە بێ لەچکەکان دەڕوانرێت!؟

فرۆشگای لەچك و پەچە و باڵاپۆشی ئیسلامی، لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا کراونەتەوە و جمەیان دێت!؟

ئەگەر ئەو رەوتە واپروات و بەردەوام بێت، کەواتە: دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامیی باکووری عێراق بەڕێوەیە!؟

٧٢

ئێمە و داعش:

داعش، دژ و دوژمنمانن، هێرشمان بۆ دێنن، شەڕمان لەگەڵدا دەکەن، دەمان کوژن، ماڵمان وێران دەکەن، کەچی هاوئایینیشیانین!؟

داعش بەپێی تێکست و فەرمانەکانی قورئانی عەرەبی هەوڵی داگیرکردنی کوردستان و لەناوبردنمان دەدەن!؟

پێشمەرگەیەك لە بەرەكانی جەنگدا بانگ دەدات و نوێژ دەكات، پێشمەرگەیەكی دیكە قورئانی عەرەبی دەخاتە سەرسەری و ماچی دەكات، ئێ داعشیش هەر هەمان بانگ دەدەن، هەر هەمان نوێژ دەكەن، هەر هەمان قورئان دەخەنە سەرسەریان و ماچی دەكەن!؟

ئەی كە داعش هاوئاینمانن، ئیتر ئێمەی كورد بۆچی شەڕیان لەگەڵدا دەكەین!؟

٧٣

سەڵاحەدینی ئەیوبی:

نكوڵی لە كورد بوون و لە ئازایەتی و توانا و لێهاتوویی سەڵاحەدین ناكرێت، بەڵام جێگەی داخە كە خزمەتكاری عەرەب و عروبە و یەكەم جاشی ئیسلامی بووە لە مێژووی كورددا!؟

٧٤

بە پێچەوانەی ئیسلامەوە:

ئابروومەندیی مرۆڤ، لە خۆپێچانەوە و شاردنەوەی جەستەدا نییە، بەڵكو لە بیری چاك و وتەی چاك و كرداری چاك دایە.

٧٥

ئەوروپی و ئەمەریكییەكان دەبن بە موسڵمان!؟

ئەمە ئەو درۆودەلەسانەیە كە ئیسلامییە سیاسییەكان بۆ فریودان و هەڵخهەڵەتاندی خەڵكی ساویلكە بەكاری دەهێنن. دەڵێن ژمارەی موسڵمانەكانی ئەوروپا و ئەمەریكا رۆژ بە رۆژ لە زیاد بووندایە، هەرچەند ئەمە راستیی تێدایە، بەڵام نەك بەو شێوەیەی كە ئەوان دەیڵێن و مەبەستیانە، راستییەكە ئەوەیە كە رۆژ بە رۆژ ژمارەی كۆچبەرانی موسڵمان بۆ ئەوروپا و ئەمەریكا لە زیاد بووندایە. بێگومان شتێكی ئاسییە كە ئەو ماسڵمانانە مافی پێرەوكردنی ئاینی خۆیان هەبێت، مزگەوتیان هەبێت. هەربۆیە ئێستا ژمارەیەكی زۆر مزگەوت لە وڵاتە ئەوروپییەكان و ئەمەریكا و زۆر وڵاتی دیكەی ناموسڵمان بوونیان هەیە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە ئەوروپی و ئەمەریكییەكان ئاینی ئیسلامی عەرەبییان پێ باش بێت، بەڵكو ئەمە بە یاسا رێكخراوە و نیشانەی ئازادی و دیمۆكراسی و رێزگرتنە لە هەموو پێكهاتە و ئاینە جیاوازەكان، ئەمە بەرهەمی سیستمی سیكۆلاریزمە.

٧٦

زەردەشت و زەردەشتێتی:

بیری چاك، وتەی چاك، كرداری چاك.

گرنگ نییە زەردەشت كەی و لە كێ و لە كوێ لەدایك بووە، چ رەگەز و زمانێكی هەبووە، گرنگ ئەوەیە بیروباوەڕی زەردەشتێتی، ئەو بیر و بۆچوون و ئامۆژگاری و رەوشتانەی كە زەردەشت ئاماژەی پێداون، ئەمڕۆ بەسوود بن بۆ ئێمەی كورد و پێرەوی هزر و ئامۆژگارییە بەكەڵكەكانی بكەین، نەك لە هەوڵی ئەوەدا بین كە بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی زەردەشت و زەردەشتییەكانی ئەو سەردەمە چۆن بیریان كردووەتەوە و چۆن ژیاون، ئێمەیش لەم سەردەمەدا هەر بەهەمان

شێوە و شێوازی ئەوان بیربکەینەوە و بژین، بەدڵنیاییەوە ئەمە گەڕانەوەیە بۆ رابووردوویەکی لەدەسچوو و بێ کەڵك!؟

٧٧

(عەبدولخالق مەعروف (١٩٣٥/١/١ - ١٩٨٥/٤/١٠

مۆستای نەمر، عەبدولخالق مەعروف، ئەو لێکۆڵەرەوە دڵسۆزەی کە ئیسلامییە سیاسییەکانی کورد، لە شاری هەولێر، لە گەڕەکی ئازادی، لەبەردەم ماڵێ خۆیاندا و بە بەرچاوی بەعسییەکانەوە، لەسەر ئازادبیری و کوردایەتی تێرۆریان کرد. راستە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو بەکرێگیراوەکان توانیان بەو تێرۆرە جەستەی ئەو نووسەرە دڵسۆزە لەبەرچاوومان وون بکەن، بەڵام نەیانتوانی و هەرگیزیش ناتوانن کە رێز و خۆشەویستمان بۆ مامۆستای گیانبەختکردوو، عەبدولخالق مەعروف لەناو بەرن، هەرگیز نەیانتوانی و ناتوانن (ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا) تێرۆر بکەن و لە نامەخانەی کوردەواریدا بیسڕنەوە، بۆ هەتا هەتایە ئەم لێکۆڵینەوە بەنرخە کە مامۆستا گیانی خۆی لەسەر پێشکەش بە کورد و کوردستان کرد، هەر دەخوێندرێتەوە و هەر چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

نەفرەت لە تێرۆریستانی ئیسلامیی سیاسیی، موسڵمانانی دەستی دوو و نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی فاشیزمی ئیسلامی.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا عەبدولخالق مەعروفی نەمر.

هەزاران تاجە گوڵینەی رێز و خۆشەویستی و ئەمەگ بۆسەر گلکۆی پیرۆزیان. گیانیان پاک و رەوانیان شاد و ئاسوودە بێت.

٧٨

میللەت و دەسەڵاتداران:

دوای ٢٥ ساڵ ئەزموونی میللەت لەگەڵ دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی خۆماڵیدا، ئێستا لەنێوان میللەت و دەسەلات و دەسەڵاتدارانی سیاسیدا، شتێك نەماوە بەناوی رێز و متمانە و داهاتووەوە؟

٧٩

باشووری کوردستان بووە بە سەیرانگە و تەمەڵخانەی ئیسلامی سیاسی!؟

دوو ساڵە بەرامبەر هێرشەکانی داعشی فاشیزمی ئیسلامی، لە شەڕداین، کەچی یەك مەلا و بانگخوازی ئیسلامی سیاسی، یەك ئەندامی باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییەکان، بۆ چرکەیەکیش بەشدار نەبوون لە یەکێ لە شەڕەکاندا، تەنانەت یەك دڵۆپ فرمێسك و خوێنیشان لێ نەڕژاوە، بەڵام لە سەدا حەقدەی پەرلەمانی باشووری کوردستانیشیان داگیرکردووە!؟

٨٠

تێبینی ئەمەتان کردووە!؟

دوو ساڵە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕیکی سەخت و خوێناوی و ئازایانە و خۆڕاگرانەدایە لەگەڵ چەتە تێرۆریستەکانی داعشی ئیسلامیدا، هەتا ئێستا جگە لە رۆڵەی

هەژارانی کوردستان، نە نەوەی سەرکردە و سەرکردایەتییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان، نە خۆیان و نە کەسە نزیکەکانیان، دڵۆپێك خوێنیان لێ نەڕژاوە، دڵسۆزی و تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوە و گیانبەخشین لەپێناوی کورد و کوردستاندا، هەمیشە هەر بەش و چارەنووسی هەژاران و نەوەی هەژارانی کوردستان بووە!؟

٨١

بزووتنەوەی کوردایەتی، هەتا ئێستا ئازایەتی و ویژدانی دوای لێبوورد و بەخشینی تێدا دروست نەبووە!؟

سەرەتایەکی شۆرشگێرانە هەیە، دەڵێت: هەر کەسێک کار بکات، هەڵەش دەکات، ئەو کەسەی کە هەڵە ناکات، هەر ئەو کەسەیە کە هیچ ناکات.

با لێرەدا راستییەکی سەیروسەمەرە باس بکەیەن: لە هەموو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا، هەتە ئێستانەبیستراوە و نەبینراوە، هیچ سەرکردە و سیاسەتپیشەیەکی کورد، هیچ پارت و رێکخستنێکی سیاسیی کوردستان، بۆ تەنها جارێکیش رەخنەیەکیان لە هەڵە و کەموکوری و تاوانێکی رابووردووی خۆیان گرتبێت. ئەمە لەکاتێکدا کە لە رابووردوودا، بە هەزاران هەڵە و تاوانی گەورە و بچووکیان ئەنجام داوە. چەندین پێوەندیی گومانلێکراوانەیان لەگەڵ دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دروست کردووە. راپۆرتی سیخوریانەیان لەسەر یەك داوە بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، سوپای پاسدارانی ئێرانی و سوپای بەعسی عێراقیان پەلکێشی کوردستان کردووە بۆ لووتشکاندن و دەرپەڕاندن و لەناوبردنی یەکتری. چەندین جار شەری یەکتر کوشتنیان هەڵگیرساندووە کە لە سەرەنجامدا بە هەزاران کوردیان بە دەستی یەکتر بەکوشتداوە، ماڵی یەکتریان تاڵان و وێران کردووە. خاووخێزانی یەکتریان ئاوارە و سەرگەردان کردووە. بەردەوام تێرۆری سیاسییان لە یەکتری کردووە. لە پێناوی بەرژەوەندییە کاکەکەسی و بنەماڵەیی و حیزبییە ناڕەواکانیاندا، بە سەدان کارەساتی گەورە و بچووکیان بەسەر کورد و کوردستاندا هێناوە. دەریایەک فرمێسك و خوێنی میللەتیان رشتووە. سەرباری هەموو ئەمانەش، دوای راپەڕین، بەبێ پرسورا و رەزامەندیی میللەت و کەسوکاری گایبەخشیوەکان، لە پێناوی ململانێ حیزبییەکان و کۆکردنەوەی زۆرترین ژمارەی لەشکری رەش، لێبووردن و لێخۆشبوونی گشتییان بۆ هەموو جاش و سەرجاشەکان و موستەشار و بەعسی و ئەنفالچییەکان و بەکورتییەکەی بۆ هەموو ناپاك و خۆرۆشتووەکانی ناو کوردستان دەرکرد و هیچ رەچاوی هەست و هۆش و دڵ و دەروونی هەزاران هەزارن کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کیمیابارانکراواکان و گیانبەخشیوەکانی کوردستانیان نەکرد و لەمەش خراپتر و تاوانی گەورەتر، داڵدەی ئەو هەموو کوردە نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشەیان لەنێو رێزەکانی خۆیاندا دا و زۆربەشیان کردن بە بەرپرس و سەلەشکری حیزبەکانیان و ئێستا هەموویان، خۆیان و نەوەکانیان لەسەر بوودجەی میللەت، مووچەی خانەنشینییان بۆ پریونەتەوە و لە خۆشترین بارودۆخدا ژیان دەگوزەرێنن و وەکو نە بیان دیبێت و نە باران!؟

هەتا ئێستا هیچ میللەتێک لە ناپاکەکانی خۆی خۆش نەبووە. ئێمەی کورد تاکە میللەتێکین کە لە ناپاکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانمان خۆش بووین!؟

هەمووماں بە چاوی خۆمان بینیومانە و و دەیبینین کە لەماوەی ئەم ٢٥ ساڵەی دەسەڵات و خۆفەرمانڕەوایی دەسەڵاتی سیاسیی سەرانی پارتە سیاسییەکانی باشووردا، هەتا ئەمڕۆش، بە ناوی میللەتەوە چەندین ملیارد دینار و دۆلار گومرگ و باج و بوودجە وەرگیراوە و وەردەگیرێت، بەردەوام سامانی سەرزەوی و ژێرزەوی بەتاڵان براوە و دەبرێت، ئەمڕۆ لە باشووردا چەندین

هەزار میلۆنەر و میلیاردێری بێ رابووردوو ؤ تازەپیاکەوتوو، سەریان هەڵداوە و پاوانی گشت مامەڵەیەکی بازرگانیی ناوخۆ و ئابووریی نارده و هاوردەی کوردستانیان لەژێر دەستدایە. زۆربەیەتیی میللەتیش لە ناخۆشترین بارودۆخی کرێچێتی و بێکاری و هەژاری و نادڵنیاییدا، ناچارکراون، ژیانی مەمرە و بژی بگوزەرێنن!؟

ئەمە نەك هەر سەیروسەمەرەیە، بەڵکو جێگەی داخ و شەرمەزاریشە، کە هەتا ئێستا نەبیستراوە و نەبینراوە بۆ تەنها جارێکیش دان بە هەڵە و تاوانەکانی خۆیاندا بهێنن و داوای لێبووردن و بەخشین لە میللەت بکەن. هیچ کەس و لایەنێك ئەو گیانی ئازایەتی و ویژدانەیان نەبووە و نییە کە بەرپرسیارێتیی هەڵە و تاوانەکانیان بگرنە ئەستۆی خۆیان، هەمیشە هەر یان بێگانە، یان میللەتی خۆمانیان تۆمەتبار و تاوانباکردووە!؟ هۆکارەکەش ئەمەیە ئەگەر پروایان بە داوای لێبووردن و بەخشین لە میللەت، هەبێت، دەبێت بەردەوام رۆژانە لەسەر هەڵە و تاوانەکانیان، چەندین جار داوای لێبووردبن لە میللەت بکەن!؟

ئەمرۆ پرسیاری هەموو میللەت ئەمەیە: ئایا ئەم بێ ویژدانی و نادادپەروەری و بارودۆخە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئێستا، هەتا سەر هەر بەردەوام دەبێت!؟

٨٢

جاران و ئێستا:

- دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان گەورەترین گۆڵی مێژووییان لە کوردی باشووور کردووە.

- مەخابن، ئێمەی کوردی باشوور لە لێواری هەرەس هێنان و مایەپووچبووندایں، کەچی زۆر بەداخەوە لێی بێباکین و خۆمانی لێ گێل دەکەین!؟

- هەتا ساڵی هەشتاکانیش، یەك باند و گروپی ئیسلامیی سیاسیی رووی ئەوەی نەبوو بە ئاشکرا خۆیان دەربخەن و بانگاشەی ئیسلامچێتی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی بکەن، ئێستا بە ئاشکرا چەندین باند و گروپ و رێکخستنی ئیسلامی سیاسیی بەشدارن لە دەسەڵاتی کوردیدا و زۆرترین بەشە بوودجەی میللەت لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ ئەوان تەرخانکراوە، خاوەنی چەندین کەناڵی تی ڤی و رادیۆ و رۆژنامە و گۆڤار و مانگنامە و هەفتەنامە و چەندین ماڵپەڕی جۆراوجۆرن، خاوەنی چەندین بنکەی ئایینی و بارەگا و تەکیە و جادووگەریخانە و مەڵبەند و سەنتەری جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیانن، تا ئەندازەکیش خاوەنی هێزی چەکداری تابەتیی خۆیانن،خاوەنی زۆرترین جەماوەری هەژار و سادە و ساکار و بیرنەکەرەوەن!؟

- هەتا ساڵانی هەشتاکانیش بە رێژەیەکی زۆر کەم کچی کورد لەچکی عەرەبی ئیسلامیی لەسەردا بوو، بە دەگمەن باڵاپۆشی ناشیرین و ناشارستانییانەی عەرەبی ئیسلامیي، مۆدێلەکانی میرنشینەکانی کەنداو و سعودییە و ئیخوانەکانی میسر و تورکیایان دەپۆشی، ئێستا ئەم جلوبەرگە ناشیرین و دواکەوتووانەیە شوێنی جلوبەرگی رازاوە و جوان و رەسەنی کوردەوارییان گرتووەتەیە. جلوبەرگی ئیسلامیی سیاسی، دیاردەی بەربڵاو و باوە و لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا ئەو سیما ناشیرین و ناشارستانییانەیە بەرچاو دەکەون!؟

- جاران یەک مەلا و مجێور و فەقێ و مامۆستا و خوێندکاری ئایینی دژی سروودی نەتەوەیی کوردی، ئەی رەقیب نەبوو، دژی ئاڵای پیرۆزی کوردستان نەبوون، دژی جلوبەرگی جوان و رەسەنی ئافرەتانی کوردستان نەبوون، دژی مەلەوانگە و شانۆ و سەماگە و سینەما و

وێنەگرتن و هیچ دیاردەیەکی پێشکەوتن و شارستانییانەی دیکە نەبوون، ئێستا بەدەگمەن مەلایەک، بانگخوازیك، مامۆستا و خوێندکارێکی ئایینی، مجێورێک، فەقێیەک دەدۆزیتەوە کە مووچەخۆری ئەو باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستکراو و بەکرێگیراوانە نەبن و دژ و دوژمنی هەموو پیرۆزییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستان نەبن!؟

- جاران مزگەوتەکانی کورستان ژمارەیان یەک لەسەر چواری ئێستا نەبوو، ئێستا بە پێی ئاماری وەزارەتی تەعریبچیی ئەوقاف، ٥٢٣٠ مزگەوتی عەربیی ئیسلامی لە باشووری کوردستاندا هەن و باشترین و زۆرترین خزمەتگوزارییان بۆ دابینکراون، زۆربەی ناوی مزگەوتەکانیش عەرەبیی ئیسلامین!؟

- جاران مزگەوتەکان شوێنی خواپەرستی و کاروباری ئایینی بوون، شوێنی کەسانی چاکەخواز و کوردپەروەر بوون، بنکەی پشوودان و کۆبوونەوەی پێشمەرەگانی شۆرشی کوردستان بوون، ئێستا هەموو مزگەوتەکان کراونەتە بنکەی ئیسلامچێتیی سیاسی و ئیخوانچێتی و تەعریبچێتی و بڵاوکردنەوەی خورافیات و پووچپەرستی و جادووگەرێتی و هۆکارەکانی تری گەوجاندن و نەزان کردنی جەماوەر بەتایبەتی منداڵان و لاوان، مزگەوت و تەکێ و شوێنە ئایینیەکانیتر گشتیان کراونەتە بنکەی پەرەپێدانی بێ رێزی پێ کردن و سووکایەتی پێکردن و توندوتیژیی دژی کچان و ژنانی کوردستان!؟

- جاران هیچ موسڵمانێکی کورد بەبیریشیدا نەدەهات کە بڵێت: (پێش ئەوەی کوردبم، موسڵمانم)، ئێستا ئیسلامییە سیاسییەکان و دۆست و لایەنگرەکانیان زۆر بە بەشانازییەوە دەڵێن ئێمە پێش ئەوەی کورد بین، موسڵمانین!؟

- جاران زۆربەی خەڵکی کوردستان منداڵەکانی خۆیان بە ناوی جوان و رەسەنی کوردی و کوردستانی ناو دەنان، ئێستا بەشانازییەوە زۆربەی خەڵک ناوی عەرەبیی ئیسلامی لە منداڵەکانیان دەنێن، بۆ نموونە ئێستا مەریوان، کراوەتە موصعەب،کارزان بووە بە موثەننا! کاوە بووە بە بیلال، سیروان، کراوەتە موعطەصەم .... هتد..... کەژاڵ کراوەتە ئوسرا، خونچە بووە بە نوورا، نازەنین بووە هودا، رووناک کراوەتە فەهیمە!؟

- جاران سەرتاسەری باشووری کوردستان یەک فرۆشگەی تایبەتیی لەچک و جبە و باڵاپۆش و کەلوپەلی ئیخوانەکانی میسر و تورکیای تێدا نەبوو، ئێستا لە هەموو شار و شارۆچکەکاندا، چەندین فرۆشگەی لەو بابەتەی تێدایە و لە پرفرۆشترین دوکانەکانی جلفرۆشین!؟

- جاران بە دەگمەن پەرتووکفرۆشییەکی تایبەتیی چاپەمەنییە ئیسلامییەکان هەبوو، ئێستا پێشبرکێ لەگەڵ پەرتووکفرۆشە ئاساییەکاندا دکەن و ژمارەیان هەتا بێت روو لە زیاد بوونە!؟

- جاران بە دەگمەن کەسێک بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دووایی دەکرد، ئێستا بووە بە دیاردەیەکی فرە پرژمار و رۆژانە!؟

- جاران ناوی کۆمەڵێک نەخۆشی و دەرد و بەڵای سەیروسەمەرەشمان نەبیستبوو و نەبوون، ئێستا ساڵانە لەشکرێک کورد بەو نەخۆشیانە گیان لەدەست دەدەن!؟

- جاران خواردن و خواردنەوەی ماوەبەسەرچوو و خراپ هاوردەی کوردستان نەسەکران، ئێستا زۆربەی خواردن و خواردەنەوەکان لە تورکیا و ئێران و سووریا وعێراقەوە بە ژەهراوی و تێکەڵکراوی میکرۆب و ڤایرۆس و ماددەی پر مەترسی و کوژەر، هاوردەی کوردستان دەکرێن و ساڵانە بە هەزاران کەس دووچاری نەخۆشی و مەرگی کتوپر دەبنەوە!؟

- جاران بە دەگمەن پیشەی بێزراو و نەخوازراوی لەشفرۆشی و کەسانی لەشفرۆش بە ئاشکرا هەبوون، ئێستا لەشفرۆشی زۆر زۆر بووە و بووە بە دیاردەیەکی هەستپێکراوی کۆمەڵگە!؟

- جاران خەڵک خۆی خزمەتی خۆی دەکرد، ئێستا بووە بە باو، هەر خێزانێک دانەیەک یان چەند کارەکەر و خزمەتکاری بێگانەیان لە ماڵ و باخچەماڵ و ڤێلاکانی دەرەوەی شار و کۆمپانیا و فرۆشگەکاندا راگرتووە! لێرەدا با بەم بۆنەیەوە ئەم پرسیارە بکەین: کەسێک نەتوانێت خزمەتی خۆی و ماڵ و ژینگەی ژیانی خۆی بکات، ئەی خزمەتی نەتەوە و نیشتمانێکی چۆن بۆ دەکرێت!؟

- جاران بەرتیل و بەرتیلخۆری و دزی و تاڵانچیتی و گەندەڵی بە گشتی، پڕ لە شەرمەزارترین شتەکان بوون، ئێستا ئەمانە هەموویان دیاردەی ئاسایی نێو سەرانسەری کۆمەڵگە و وڵاتەکەمانن!؟

- جاران هەزاران جار کوردایەتی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و هاورێیەتی و خزمایەتی و رێز و خۆشەویستیی و چاکەخوازی و گیانی هاوکاری و یارمەتی لەناو خەڵکدا بەگشتی زۆرتر و باشتر بوون، ئێستا ئەم تایبەتمەندییە جوانانەی کوردەواری بەرەو نەمان دەچن و پێچەوانەبوونە دەبنەوە!؟

- جاران کەس بە ئاسانی و لەپڕێکدا، لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی و بۆ وەرگرتنی مووچە و پلەوپایە، سەنگەر گۆریی سیاسیی نەکرد و لە رێکخستنێکەوە نەدەچووە ناو رێکخستنێکی تەواو لەوەی پێشووی جیاوازەوە، ئەمە جاران کارێکی نەنگ و پڕ لە شەرمەزاری و ئاپرووچوون بوو، ئێستا بێپەروا لە پارتێکە باز دەن بۆ نێو پارتێکی دیکە، هەر ماوەیەی بانگاشە بۆ بیروباوەڕێک دەکەن، ئەم پەتایە چەندین و نووسەر و رۆژنامەنووسیشی گرتووەتەوە و هەر ماوەیەی بۆ کەناڵی لایەنێکی جیاواز کار دەکەن و کێ و چ لایەنێک پتر بدات، دەبنە بێژەر و زورناژەنی ئەو کەس و لایەنە!؟

- جاران رێژەی عەرەب لە سەدا یەکی دانیشتوانی کوردستانیان پێك نەدەهێنا، ئێستا رێژەی عەرەب دەگاتە لە سەدا ٣٥ دانیشتووانی باشووری کوردستان، بەعسییەکان بەو هەموو توانا و دڕندەیەتییەی خۆیانەوە بۆیان نەکرا رێژەی عەرەب لە کوردستاندا بگەیەنە ئەم ئاستەی ئێستا!؟

- ئێستا باشووری کوردستان کراوەتە وڵاتی بێ سنوور و بێ پەرژین و هەرکۆمپانیایەك بە پێی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان و بەبێ رەچاوکردنی بارودۆخی ئاستی رێژەی بێکاریی ناوخۆ و کێشە ئابوورییەکان، بۆیان هەیە کرێکاری بێگانە لە وڵاتە هەژارەکانەوە هاوردەی کوردستان بکەن و مۆڵەتی مانەوەیان بۆ مسۆگەر بکەن!؟

- ئێستا هەموو رۆژێك هەر دەبێ بڵێین خۆزگەم بە دوێنێ، هەموو مانگێ هەر دەبێت بڵێین خۆزگەم بە مانگی رابووردوو، هەموو ساڵێک هەر دەبێ بڵێین خۆزەگەم بە پار...... هتد.

٨٣

٢٥ ساڵە بە بەردەوامی دڵسۆزانی کورد و کوردایەتی، هاوار دەکەن و لە سەرکردە و سەرکردایەتیی پارتە دەسەڵەتدارەکان دەپاڕێینەوە:

وڵاتێکی جوان و دەوڵەمەند و میللەتێکی دڵسۆز و تێکۆشەرتانتان کەوتووە بەردەست،

هەوڵ بدەن و تێبکۆشن کە پێکەوە کوردایەتی بکەن و هەموو پشتوپەنای یەکتر بن،

پێکەوە کوردستان ئاوەدان بکەنەوە،

هەر خەمی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆتانتان نەبێت،

خزمەتی میللەت و زۆرتر خزمەتی هەژارانی میللەت بکەن،

وڵات و میللەت پێشبخەن،

کشتوکاڵ و ئاژەلداریی ناوخۆ ببوژێننەوە،

خەڵك فێری تەمەڵی و دەستپانکردنەوە و مشەخۆری مەکەن،

بایەخ بە زانست و تەکنەلۆژیا بدەن،

سوود لە سیستمی پەروەردە و فێرکاریی میللەتانی پێشکەوتوو وەربگرن،

منداڵەکان و لاوەکانمان فێری نەتەوەپەوروەری و نیشتمانپەروەری بکەن،

گیانی تەبایی و رێز و خۆشەویستی لەناو میللەتدا پەتەو بکەن،

سەروەت و سامانی وڵات و میللەت، با بە دادپەروەرانە لە خزمەتی هەموو وڵات و میللەتدا بێت،

گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتی مەکەن،

شەڕی یەکتر کوشتن و یەکتر لەناوبردن مەکەن،

رۆڵەی هەژارانی میللەت بە دەستی یەکتر بەکوشت مەدەن،

هەژارانی میللەت ماڵوێران و سەرگەردان مەکەن،

لەشکری دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، بۆ دژایەتی و دوژمنایەتیی یەکتر پەلکێشی کوردستان مەکەن،

وڵات بەسەر دوو دەڤەر و دوو دەسەڵاتدا دابەس مەکەن،

دژایەتی و دوژمنایەتیی لیە نێوان دەڤەرەکانی باشووردا دروست مەکەن،

دژایەتیبی و دوژمنایەتیی کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان مەکەن،

لەدژی یەکتر، پشتیوانی و هاوکاریی رەوتی ئیسلامی سیاسی دروستکراو و بەکرێگیراو مەکەن،

لەبری نەخۆشخانە و و خوێندنگە و پەڕتووکخانە و باخچە و باخچەی ساوایان، مزگەوتی عەرەبی و تەعریب و خانەقا و تیەکیە و حوجرە و زکرخانە دروست مەکەن،

کەچی مەخابن، دروست هەموو شتێکیان بە پێچەوانەوە کرد،

دروست هەر ئەو کارانەیان کرد کە لە بەرژەوەندیی مانەوەی خۆیان و لە بەرژەوەندیی گڵاوی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستاندا بوون،

سەرەنجامەکەیشی ئەم بارودۆخە سەخت و دژوار و پڕ لە هەژاری و نەخۆشی و دەرد و بەڵا و کارەسات و مەینەتبارییە کە ئەمڕۆ ڕووی میللەتتان کردووەتەوە!؟

ئێستا نە لەناو میللەتدان و نە ئاگاتان لە بارودۆخی ژیانی میللەتە و نە بیریش لە چارەسەرێك دەکەنەوە!؟

تۆبڵێی هەتا سەر بۆیان بچێتەسەر!؟

٨٤

مەگەر هەر خوایان یەك بێت!؟

خۆیان لە کۆشك و تەلار و باخچەڤێلای چراخان و بە خزمەتکار و پاسەوان تەنراودا، وەکو پاشا دەژین و ڕادەبوێرن، میللەتیش لە هەژاری و بێ کارەبایی و بێ ئاوی و بێ مووچەیی و بێ پارەیی و کرێچێتی و بێ کاری و بێ خزمەتگوزاری و مەینەتیدا ئازاری ژیان بەسەر دەبەن، هەتا ئێرە ڕاستە، بەڵام ئەوەی ڕاست و ڕەوا نییە، ئەوەیە کە کوردایەتی و بانگاشەی سیاسییانە و تاکتیکیانەی دەوڵەتی کوردی بە میللەت دەفرۆشنەوە و منەت بەسەر میللەتدا دەکەن!؟

تۆ بڵێی هەتا سەر بۆیان بچێتە سەر!؟

٨٥

هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەمان نییە:

ئێمەی کورد، هەرچی دژی یەکتر بڵێین و بنووسن و بکەین، سەرئەنجام ئەگەر بمانەوێت بمێنینەوە و بەردەوامبین، هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەم دورشمە کوردانە و دڵسۆزانەیەی پاسۆك:

(با هەر هێندە ئاور لە ڕابووردوو بدەینەوە، کە خزمەتی ئێستا و داهاتوومان بکات).

٨٦

نوکتە نییە، کارەساتی میللەتێکە.....!؟

لە فەیسبوکەوە وەرگیراوە.

دەڵێن گوایە پرسیاریان لە ئەوروپییەك کردووە، کە مردیت دەتەوێت لە کوێ بتنێژن؟

لە وەڵامدا وتویەتی: لە باشووری کوردستان.

پرسیار: بۆچی لەوێ؟

وەڵام: چونکە حیزبەکانیان لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، مردوو زیندوو دەکەنەوە!؟

٨٧

وای پی جەی:

لە وێستگە شەمەنەفەری ئەمستەردام، هاونیشتمانییەکی ئاسایی ئەمەریکیم تووش بوو، دوای پرسیار و وەڵامێك، کە زانی کوردم، یەکسەر بە روویەکی خۆشەوە وتی، با شتێکت پێ بڵێم: ئێوەی کوردەکان ئازاترین و باشترین شەڕکەرن دژی داعشە تێرۆریستەکان، بە تایبەتی کچە ئازا و جوانەکانتان، لە گروپی وای پی جەی، ئەوانە موعجیزەن و سەرنجی هەموو ئەمێرکایان بەلای خۆیاندا راکێشاوە، هیوادارم ئێوە سەرکەوتووبن و وەکو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو و کۆڵنەدەر، بە هەموو مافەکانی خۆتان بگەن.

ئیتر تێگەیشتم کە باسی کچە شەڕڤانە ئازا و جوانەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات.

بەراستی کچە شەڕڤانەکانی رۆژئاوامان، نموونەی سەرنجراکێشی و ئازایەتی و جوانی و بێگەردین و بوونەتە مایەی شانازی بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

٨٨

بۆ هاورێ یەکێتییە، گۆڕانخوازە، بێلایەنەکە!؟

با پێش ئەوەی بێمە سەر باسی بەسەرهاتەکە، ئەم راستییەتان بۆ بنووسم: هەتا ئێستا لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، هیچ کەرتبوون و لێکجیابوونەوەیەکی سیاسی و حیزبی، بنەمایەکی لۆژیکانە و بیروباوەڕانە و شۆڕشگێڕانەی نەبووە، هۆکاری کەرتبوون و لێکجیابوونەوەکان، هەر هەموویان نەگونجانی بەرژەوەندییەکانی سەرکردە و سەرکردایەتییەکان بوون، واتە، کێشەی تاکەکەسی بوون، هیچ پێوەندییەکیان بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و کوردستانەوە نەبووە.

ئەمە بەسەرهاتەکەیە، زۆر بە سادەوساکاری:

ئەم بەسەرهاتە، ئێستا بووە بە بەسەرهاتی زۆر تێکۆشەرو دڵسۆزی دیکەش، زۆر بەداخەوە.

هاورێیەکی بەڕێز و نێزیکم هەیە کە ساڵانێکی زۆرە پێوەندیمان برایانە و دڵسۆزانەیە، جاران ئەندامێکی چالاکی یەکێتی بوو، بە ئەندازەیەك، کەس بە گاڵتەشەوە بۆی نەبوو لەبەر دڵی ئەو، سووکە رەخنەیەکیش لە هەڵە و کەموکورییەکانی سیاسەتەکانی یەکێتی بگرێت. شایانی باسیشە، تا سەر ئێسکیش، دژ و دوژمنی پارتی بوو. ئەمەشی بە ئەرکی سەرشانی خۆی و بە کوردایەتی دەزانی. خۆشبەختانە، پاسۆکی پێ باش و کوردپەروەر بوو و ئێمەی هاوبیرانی پاسۆکیشی زۆر خۆش دەویست.ئەم بەڕێزە، پاش جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی، بە هەمان ریتمی یەکێتی بوونی جارانی، بوو بە لایەنگر و ئەندامێکی سەرسەختی گۆڕان. هەتا ئێرە ئاساییە و هەموو کەسێك و هەموو شتێك شیاوی گۆڕانە و ئەمیش مافی خۆی بوو کە واز لە یەکێتی بهێنێت و ببێت بە ئەندام و لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵام ئەوەی کە زۆر سەیر و سەمەرە و چاوەڕواننەکراو بوو، هەر هەمان ئەندامی دڵسۆز و چالاکی جارانی یەکێتی، کەس بە گاڵتەشەوە بۆی نەبوو لەبەر دڵی ئەو، باسێکی یەکێتی بە باشە بکات، تەنانەت پێشی خۆش نەبوو باسی رابووردووی خۆی بیر بخەیتەوە، هێندەی ئاگاداربم، لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەیدا، وشەی ناشایستە و نەخوازراو و نەشیاو نەمابوو کە دژی یەکێتی و سەرانی یەکێتی بەکاری نەهێنێت، جا مەبەستی ئەم کورتە نووسینە لێرەوە دەست پێ دەکات: لەبەرئەوەی ئەو بەڕێزە برادەرێکی نێزیك و دڵسۆزم بوو نێوانی هاورێیەتیمان زۆر خۆش

بوو، هەمیشە ئەوەی بە گرنگ و بە پێویستم بزانیایە بە شێوازێکی هێمنانە و هاورێیانە و برایانە دەمدا بەبەر گوێی دا، پێم دەگوت، برای بەڕێز، شتێکی باش نییە بەم شێوەیە دژایەتی و دوژمنایەتیی یەکێتی دەکەیت، چونکە خۆت لە رابووردوودا یەکێتی بوویت و زۆر شانازیت بە یەکێتی بوونی خۆتەوە دەکرد، ئێستایش کە بووی بە گۆران و گۆرانخواز، ئەمە مافێکی رەوای خۆتە و ئازادیت، بەڵام بۆچی بەو شێوە خراپە بوویت بە دژ و دوژمنی یەکێتی و بە دژ و دوژمنی رابووردووی خۆت!؟ پێم دەگوت، لە سیاسەتدا، دۆستایەتی و دوژمنایەتیی هەمیشەیی نییە، پێوەندییەکان هەردەم بەردەوام لەگۆراندان، باشترە لەبەر حیزبایەتی و سیاسەت، هیچ کەس و هیچ لایەنێك نەکەیت بە دژ و دوژمنی خۆت، چونکە سەرەنجام هەر خۆت زیانمەند دەبیت، زۆرمان پێوت و هیچی نەبیست، لە هەموویشی سەیروسەمەرەتر ئەوەیە کە دوای ئاشتبوونەوەی بزووتنەوەی گۆران لەگەڵ یەکێتیدا، ئەو بەڕێزە، گوایە ئێستا بێلایەنە و دانیشتووە و سەربەخۆیە، ئەمەش هەر دەکاتەوە ئەوەی کە لە یەکێتیش و لە گۆرانیش بووە، واتە: لە کوردەی هەر دوو جەژنە بووە!؟

هیوادارم، ئەم ئەزموەوە، پەند و وانەیەکی باش و بەسوود بێت بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە حیزبایەتی و سیاسەت دەکەن.

٨٩

گرنگ ئەوەیە سەرکردە و سەرکردایەتی پاك و دڵسۆز بن:

لە سەروبەندی شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیادا، لە یەکێ لە پاسەوانەکانی لێنین دەپرسن: تۆ چی لە مارکسیزم و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم دەزانیت وا دوای کەوتویت!؟ ئەویش بە زمانی سادە و دڵپاکانەی خۆی لە وەڵامدا دەڵێت: (هیچ)، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە سەرکردە و سەرکردایەتیی حیزبەکەم لێی تێگەیشتوون و لێی دەزانن، منیش باوەڕی تەواوم بەوان هەیە و دوایان کەوتووم و دەیانپارێزم. بەم شێوە خزمەتی خەلکی خۆم و نیشمانەکەم دەکەم.

٩٠

سەرکردە و بنکردە - سوودمەند و زیانمەند - براوە و دۆراو:

سەرکردەی حیزبە سیاسییەکان، هەمیشە دەمبەخەندە و پێکەنین و بە دڵخۆشی و خۆشگوزەرانییەوە پێکەوەن، ئەندام و لاینگرە دووکەوتووەکانیشیان، هەمیشە لە بێ ئاگایی یان لە بێ ئیشیدا، هەر خەریکی دژایەتی و دوژمنایەتیی کردنی یەکترین، ئەویش بەم شێوازانە: جنێوبەیەکتردان، بێ رێزی و سووکایەتی بەیەکترکردن، درۆودەلەسە و تۆمەت و بوختان بۆیەکتر هەڵبەستن، ئەمەیە کە دەڵێن: ئاشەوان لەخەیاڵێك و باراشگێر لە خەیاڵێك!؟

٩١

حیزبایەتی و بتپەرستی:

حیزبایەتی و سەرکردەپەرستی، چاوی مرۆڤدۆستی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەریی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی نابینا کردووە.

حیزبایەتی و حیزبی بوون لای زۆربەی زۆری کورد، بووە بە کارەساتی نەتەوەیی.

ئایا ئێوە سەرنجی ئەوەتان داوە کە بە دەگمەن ئەندامێکی پارتی هەیێت کە هاوسۆز بێت لەگەڵ خەباتی کوردانی باکوور و رۆژئاوای کوردستاندا!؟ یان ئەندامێکی یەکێتی و گۆڕان، هاوسۆزیی لەگەڵ تێکۆشانی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت، چونکە ئەمە زیانی بۆ پەزەکانی حیزب و سەرکردە و سەرکردایەتییەکانیان هەیە!؟

نەفرەت لەو حیزب و حیزبایەتییەی کە دەخرێتە پێش مرۆڤدۆستی و نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە.

٩٢

کارەساتی دوای کارەسات:

کێ دەتوانێت، بە بەڵگەوە، ناوی سیانی چەکدارێك، بەرپرسێکمان پێ بڵێت کە لەسەر بەجێهێشتن و بەرگری نەکردن لە دانیشتوانی ناوچەکە، لێپێچینەوەی لەگەڵدا کرابێت، گیرابێت، سزا درابێت!؟

دوای رووداوە دڵتەزێنەکانی کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان بەدەستی چەتە تێرۆریستەکانی داعش، دوای بەجێهێشتنیان لەلایەن هێزە چەکدار و بەرپرسیارەکانی ناوچەکەوە ،نە کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا کرا، نەکەس گیرا، نە کەس سزا درا، نە هیچ کەس و لایەنێکیش بەرپرسیارێتییەکەی خستە ئەستۆی خۆی، هەموویان وەکو بەرزەکی بابان بۆی دەرباز بوون!؟

٩٣

باشووری دەستەمۆکراو:

رەگەزپەرستانی تورك و فارس و عەرەب و دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئێران و سوریا، مەترسیی سەرەکیی خۆیان تەنها لە بەرخۆدانی شۆرشگێرانی باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبیننەوە، ئێستا باشووری کوردستان نەك هەر کێشە نییە بۆیان، بەڵکو وەکو ئەوایە خۆیان فەرمانڕەوایی بکەن!؟

٩٤

فتح‌الله گولن:

ئافەرین دەسەڵات و دەسەڵاتداران و سیاسەتپیشەکانی باشوور، بۆ خۆتان و زیرەکی و دڵسۆزی و دووربینیتان!؟

لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا، بۆ دەرمانیش، یەك بنکە و دامەزراوی پەروەردە و رۆشنبیریی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری بوونی نییە!؟

ئەرێ خێرە، رەگەزپەرستێکی فاشیستی تورك، ئیسلامچی و تۆرانییەکی دژەکورد، لەژێر سایەی دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی باشووردا، رێگای پێبدرێت و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ بکرێت تا بتوانێ زۆرتر لە ٢ زانکۆ و ئامۆژگا و دەیان باخچەی ساوایان و ٤٠ خوێندنگەی ئیسلامی و تۆرانچی لە باشووری کوردستاندا بکاتەوە!؟

٩٥

کورد و چەك:

زۆربەی زۆری کورد ئارەزوو و خولیای چەك هەبوون و چەکداربوونی هەیە. کورد جگە لەوەی کە خۆشی لە چەك هەبوون و چەکداربوونەوە دەبینێت، زۆر شانازی بە چەکیشەوە دەکات. ئێستا لە باشووری کوردستان، بە هەزاران هەزار پارچە چەك لە ماڵاندان، هەندێك ماڵ چەندین چەکی جۆراوجۆری تێدایە بەبێ ئەوەی کە دوژمنداربن و یان هیچ کێشەیەکیان هەبیت، هەر پێیان خۆشە و شانازی بەوەوە دەکەن کە چەکیان لەماڵدا هەبێت و چەکداربن.

لە راونگەی ئەم ئارەزوو و خولیا و پێخۆشبوون و شانازی کردن بە چەکەوە، دەبووایە ئێمەی کورد یەکێك بووینایە لەو میللەتانەی کە خۆمان هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنییەکمان دروست بکردایە، دەبووایە کوردستان خاوەنی چەندین کارگەی جۆراوجۆری گەورە و بچووکی چەك دروست کردن بووایە. بەڵام بەداخەوە، راستییەکە ئەوەیە کە لە مێژووی خۆماندا، جگە لە وەستا رەجەبی رەواندز کە چەند تۆپێك و چەند پارچە چەکێکی دروست کردووە و بۆ میرنشینییەکەی سۆران و فەرمانڕەوایەتییەکەی پاشا کۆرەی رەواندز، وەك هێز و پشتیوانییەکی گەورە و دڵنیابەخش بووە، لە شۆرشی ١٤ ساڵەی ئەیلوولیش بە شێوەیەك لە شێوەکان پارچە چەکی سووك و مین و تەقەمەنی دروستکراوە، ئیتر جێگەی داخە کە ئەو رەوتە بەردەوام نەبووە و لە میرنشینی رەواندز و وەستا رەجەب و شۆرشی ئەیلوولدا کۆتایی پێهاتووە!؟

هەروەها، گەریلاکان و شەڕڤانەکانیش، جۆرە چەکێکیان دروست کردووە بەناوی زاگرۆس، کە لە جۆری قەنناسە و بە یەکێ لە بەرهەمە پیشەسازییە سەربازییەکانی خۆماڵی دادەنرێت.

شایانی باسە، لە مێژووی دوور و نزیکماندا، ئارەزوو و خولیای چەك هەبوون و چەکدار بوونی زۆربەی زۆری کورد، بەتایبەتی کەسە سەرشێت و سەرەڕۆکان و بنەماڵە گەورە و دەستڕۆیشتووەکان وخێڵەکانمان، هەر بۆ دژایەتی و دوژمنایەتیی ناوخۆ بووە، هەر بە چەکی بێگانە هەڕەشەمان لە یەکتر کردووە و یەکترمان پێ بریندار و کەمئەندام کردووە و یەکتریمان پێ لەناوبردوون!؟

کەواتە باشتر کە هەر خێڵە و هەر دەڤەرەی خاوەنی کارگەی چەك دروستکردنی خۆیان نەبوون، ئەگەرنا، لەمێژ بوو هەر بەتەواوی یەکتریمان پراندبووەوە!؟

٩٦

دەسەڵات و دەسەڵاتداران و تێرۆری رۆژنامەنووسان:

لێرەدا پێش ئەوەی بکوژانی رۆژنامەنووسی بێتاوان و تێرۆرکراو (وەدات حسێن) ریسوابکرێن و داوابکرێت کە دادگایی بکرێن و بە سزای رەوای خۆیان بگەیەندرێن، دەبێت ئەم پرسە گرنگە، واتە تێرۆرکردنی ئەم رۆژنامەنووسە و هەموو رۆژنامەنووسە تێرۆرکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان، پێش هەر شتێك لە روانگەی گشتیی مافی مرۆڤ و پاشان لە روانگەی بەرژەوەندییە نەتەوەییە باڵاکانی کوردەوە  باس بکرێن، نەك بکرێن بە هۆکارێك بۆ دژایەتی و دوژمنایەتیی حیزب و بنەماڵە و کەسانی نەیار، چونکە ئێمە باس لە دەسەڵاتێکی زۆردار و رۆژنامەنووسکوژ و دیکتاتۆر دەکەین، باس لە پێشێلکاریی یاسا و مافەکانی مرۆڤ دەکەین، باس لە زۆرداری و نادادپەروەری و بێویژدانی دەکەین، نەك بانگاشەی سیاسی و ململانێی حیزبایەتی و بنەماڵەیی و خێڵایەتی، ئەمەیە کێشە سەرەکییەکەی میللەت و دەسەڵات، نەك

کەسان و لایەنێکی داریکراو، لە دەڤەری زەرد رۆژنامەنووس تێرۆرۆکراوە، لە دەڤەری سەوز رۆنامەنووس تێرۆرکراوە، کەواتە ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتی مافیای کوردیدا رووبەڕووبووینەتەوە، نەك لەگەڵ دەسەڵاتێك کە بە دەنگ و خواستی میللەت و هەڵبژاردنی ئازاد، دەسەڵاتی سیاسییان بەدەست هێنابێت!؟

تۆ بڵێی جارێکی تر هەمان میللەت، دەنگ بە هەمان دەسەڵات و دەسەلاتدارانی زۆردار و گەندەڵ و دز و تاڵانچی و خۆسەپێن و رۆژنامنووسکوژ بداتەوە!؟

٩٧

ئەی چی هەیە!؟

یاسا سەروەر نییە،

مووچە نییە،

کارەبای بەردەوام نییە،

ئاوی خاوێن نییە،

خۆشگوزەرانیی گشتی نییە،

خزمەتگوزاریی گشتی نییە،

چارەسەر بۆ تەنگەژەکان نییە،

یەکێتیی نەتەوەیی نییە،

یەکتری پەسەندکردن و پێکەوە گونجان نییە،

تەبایی ناوخۆیی نییە،

ئازادییە دیمۆکراتییەکان نییە،

یەکێتیی بەڕێوەبردن و کارگێری نییە،

ئازادیی تاکەکەسی نییە،

مافی ئازادی و یەکسانی وەکو یەك، بۆ هەمووان نییە،

دادپەروەیی کۆمەڵایەتی نییە،

ئەی چی هەیە...........!؟

٩٨

حیزب:

هەر حیزبێك ببێت بە کارگەی بەرهەمهێنانی کۆیلە و رۆبۆتی سیاسی، چاوەروانی نەتەوەرپەروەری و نیشتمانپەروەریی لێ ناکرێت

٩٩

دیمۆکراسی و پاشکەوتوویی:

سیستمی دیمۆکراسی، وەکو میکانیزمێك بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەتداری، سیستمێکی باش و ریالیستانەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بە میللەتێکی تێگەیشتوو و پێشکەوتوو هەیە کە وەکو پێویست تێیبگات و پێڕەویی لێ بکات. مەرج نییە بە کەڵکی کۆمەڵگە و میللەتێکی داواکەوتوو بێت. رەنگە وەک بەڵایەك وا بێت و ببێتە هۆ و هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی نەخوازراو و خراپ. باشووری کوردستان و سەرهەڵدان و گەشە کردنی رەوتی ئیسلامیی سیاسیی و دروست بوونی لەشکرێك مەلا و بانگخوازی توندڕەو و تەعریبچی وەك نموونەیەکی نەخوازراو و خراپی بە هەڵە بەکار هێنانی ئەو سیستمەیە !؟

١٠٠

کۆمەڵگە بەم شێوەیە بەڕێوە نابرێت:

ئەم تەلاری دەسەڵاتەی باشووری کوردستان بنچینەکەی داڕزیوە، ئەگەر سەرلەنوێ بنچینەکەی دانەڕێژرێتەوە، داهاتووی هەر رووخانە.

چۆن وڵات وا بەڕێوە دەبرێت!؟ لەماوەی ٢٥ ساڵدا چەندین هەزار بازرگان و سەرمایەداری ملیاردێر و ملیۆنێر بە بێ هیچ زەمینەیەکی مێژوویی بازرگانی و بەبێ هیچ پێشینەیەکی بازرگانیی یاسایی و رەوا و دادپەروەرانە،، پەیدا ببن و بەرامبەر ئەمەش، چەند لەشکرێك لە هەژاران و بێکاران و کاسبکاران و دەستگێران و کرێچییەکان، ژیانێکی مەمرە و بژی بگوزەرێنن. مووچەی ساڵێکی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاساییش و مامۆستایان و فەرمانبەران، کە ساڵانێکی زۆرە خزمەتی میللەت دەکەن، بەرامبەر مووچەی یەك مانگی بەرپرسێکی حیزبی و بەرپرسێکی دەسەڵات و ئەندام پەرلەمانێك بێت. مانگێك مووچە هەبێت و سێ مانگ نەبێت. بەڵام بەرپرسان و نەوەکانیان لە خۆشترین و باشترین و بەرزترین ئاستدا ژیان بگوزەرێنن!؟ ئەمە تەنها هەر وەك یەك نموونە، ئەگەر بمانەوێت درێژە بە نادادپەروەرییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بدەین، دەتوانین هەزاران نموونەی دیکە ریز بکەین. ئەمڕۆ میللەت تەواو هۆشیار بووەتەوە و دەستی هەموو کەسان و لایەنە گەندەڵ و دز و تاڵانچیەکانیش ئاشکرا بووە. دڵنیابن، ئەنجامەکەی باش نابێت بە کارەسات دوای کارەسات کۆتایی دێت، زۆر بەداخەوە.

کۆمەڵگە پێویستی بە گۆڕانکاری بنچینەیی و چاکسازیی گشتییە لە هەموو بوارەکاندا. میللەت ماندوو و شەکەت و تووڕە و بێزارە، با ئەو پەندە بەسەر خۆماندا جێبەجێ نەبێت کە دەڵێ: جام پڕ بوو لێی دەڕژێت. جامی میللەت زۆر گەورە و ترسناکە، کە جامی میللەت پڕ بوو دەبێتە لافا و زریان و هەموو شتێک رادەماڵێت!؟

ئێستاش نەچووە بچێت، تکایە با بە هەموو لایەکمان، فریای ئەمڕۆ و داهاتووی باشووری کوردستان بکەوین.

بەختیاری شەمەیی

٢٠١٦/٩/٢٥